شانۆنامە

سۆزانییە بەڕێزەکە

نووسینی

ژان پۆل سارتر

وەرگێڕانی لە فەرەنسییەوە

فەرهاد پیربال

PDF4Kurd

حکومەتی هەرێمی کوردستان

وەزارەتی ڕۆشنبیری

بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان

- **ناوی کتێب: سۆزانییە بەڕێزەکە**
- **نووسینی: ژان پۆڵ سارتر**
- **وەرگێڕانی لە فەرەنسییەوە: فەرهاد پیربال**
- **پیتچنین و نەخشەسازی : کەمال عەبدولهادی**
- **دیزاینی بەرگ:**
- **تیراژ: ١٠٠٠**
- **زنجیرە: ١٦٦**
- **ژمارەی سپاردن (٥١٦) ساڵی (٢٠٠٧)**
- **چاپ:**
- **چاپی یەکەم**

سارتر ئەم شانۆنامەیەی پێشکەش کردووە بە میشێل
لێرس و زێت لێرس.

منیش وەرگێڕانە کوردییەکەی پێشکەش دەکەم بە
هونەرمەندی بێ سەروشوێن، هاوڕێم (کەریم عوسمان).

پێشەکیی وەرگێڕ

ژان پۆل سارتر (١٩٠٥ – ١٩٨٠)، نووسەری ئەم شانۆنامەیە، بەر لە جەنگی جیهانیی یەکەمو دوای جەنگیش هەر، تەنانەت تا کۆتایی ساڵانی حەفتاکانیش.. بەردەوام.. راستەوخۆ.. هەستی دەکرد بەرپرسیاری هەموو ئافاتو جەنگو برسێتیو بەدبەختییەکی مرۆڤە.. رووبەڕووی هەموو زوڵمێكو دەستەویەخەی هەموو غەدرێك لەم جیهانەدا دەبۆوە. ئەمەتا، لەم شانۆنامەیەدا (سۆزانییە بەڕێزەکە)، کە بریتییە لە تەنیا تنۆکێك لە زەریای نووسراوەکانی ئەم فەیلەسووفە، ژان پۆل سارتر کامێرای بینینی خۆی دەخاتە سەر وڵاتی ئەمریکا، دەمانباتە ناو شارێکی بچکۆلەی باشووری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا: بزانین لەوێ چ خەبەرەو مرۆڤ لەوێ چۆن دەژیو ژیان لەوێ چ بەهاو مانایەکی هەیە؟

ئامانجی سارتر تەنیا ئەوە نەبوو تراژیدیای مرۆڤ یان تاکەکەس بەدەست کۆمەڵگەو رژێمو سیستەمەکانەوە دەربڕێت، بەڵکو دەیویست لە گۆشەنیگای فەلسەفە تایبەتییەکەی خۆیەوە ئەم کارە بکات: فەلسەفەی بوونگەرایی (ئێگزیستانسیالیزم) کە گرنگترینو کاریگەرترین فەلسەفەی بەرگریکردنە لە ئازادیی تاکەکەسو مافەکانی. ژان پۆل سارتر خۆی دامەزرێنی ئەو فەلسەفەیە بوو.

راستییەکەیشی، زۆر لەوانەی سارتر ناسن، پێیان وایە کە ئەم فەیلەسووفە مرۆڤدۆستە لەبەر خاتری گەیاندنی فەلسەفەکەی خۆی پەنای بردۆتە بەر فۆرمی شانۆنامەو رۆمانو چیرۆك. ئەم قسەیە ئەگەر راستیش بێت، هیچ لە بایەخی بەرهەمە ئەدەبییەکانی ئەو کەم ناکاتەوە. ئەمەش چونکە، نەك هەر سارتر، بەڵکو هەموو رۆماننووسو شانۆنامەنووسێك فەلسەفەیەکی تایبەت بە خۆیو دیدێکی شەخسیی خۆی، دەبێ هەر هەبێت (تەنانەت مەرجیشە) بۆ نووسینی بەرهەمەکەی.

شانۆنامە لای سارتر، بەمەی ئێستاشەوە، جێگەیەکە بۆ دەربڕینی راستی: لە پێناو ئەوەی کە مرۆڤ لەوێدا بتوانێ خۆی دروست بکاتەوەو بتوانێ هەڵبژێرێتو بڕیار بداتو ئازاد بژی.

ژان پۆل سارتر، کە زیاتر لە هەشت شانۆنامەی ناودارو گرنگی نووسیوە، لە هەر هەموو شانۆنامەکانیدا، گرێو دراماو پاڵەوانو رووداوەکانت بە شێوەیەکی ئەوتۆ بۆ دەچنێتو دەگێڕێتەوە کە ناچارت بکا تەنیاو تەنیا لە گۆشەنیگای فەلسەفەکەی خۆیەوە تەماشەی ژیانو مرۆڤو گرفتەکانیان بکەیت. واتە ژیان چۆنەو واقیع چۆنە. بە شێوەیەکی فۆتۆگرافی یان رەخنەگرانە بۆ ناگێڕێتەوە، بەڵکو فەلسەفەی خۆیت لەبارەی ژیانو مرۆڤەوە (لە رێگەی چەند پاڵەوانو رووداوێکەوە کە بۆ خۆی ورد ورد چنیونی) بۆ دەخاتە روو.

بێگومان، ئەرکی نووسینو هەموو نووسەرێکی رەسەنیش هەر دەبێ ئاوها بێ. چونکە نووسین، بە راستی، موئامەرەیەکی بەخشندەو خێرخوازە لە پێناو

ئازادکردنی خوێنەر..

سۆزانییە بەڕێزەکە، نموونەی یەکێك لە باشترین شانۆنامەکانی ژان پۆل سارترە، کە لەوێدا نووسەر سروشتو ناواخنی (دەسەڵات) بەوپەڕی باریکبینییەوە لە دیدی هونەرمەندانەی خۆیەوە، بۆ خوێنەر شیتەڵ دەکاتەوە.. تا رادەی ئەوەی کە خوێنەر لە کۆتاییدا لە خۆی دەپرسێ: باشە ئەم سۆزانییە لەشفرۆشە ئینسانترو بەئەخلاقترو بەشەرەفترە یان ئەو پەرلەمانتارو بۆرژواو مەسئوولانەی کە خۆیان بە نوێنەری میللەت دەزانن...؟!.



ژان پۆل سارتر

سۆزانییه بەڕێزەکە

ژان پۆل سارتر

لە فەرەنسییەوە: فەرهاد پیربال

J-P. SARTRE

La Prostitué Respecteuse.

Gallimard, Paris, 1947.

کەسایەتییەکان:

لیزێ

فرێد

سیناتۆر

قولەڕەش

جۆن

جێمس

چەند پیاوێك...

تابلۆی یەکەم

ژوورێك لە شارێکی باشووری ئەمریکا، دیوارەکانی سپین. نیو تەختێکی پاڵدانەوە. لای ڕاست پەنجەرەیەك، لای چەپیش دەرگای حەمام. بنەبانی شانۆ ڕێڕەوێکی لێیە کە دەچێتەوە سەر دەرگای هاتنەژوورەوە.

دیمەنی یەکەم

لیزێ، پاشان قولەڕەش

پێش ئەوەی پەردە هەڵدرێتەوە، دەنگی ڕەشەبا لەسەر شانۆ دێتە بەرگوێ. لیزێ تەنیایە، قۆڵی لێ هەڵکردووەو گسکە کارەباییەکە لەناو ژوورەکەدا بەکاردێنێ. زەنگی دەرگا بەرز دەبێتەوە. لیزێ رادەمێنێتو چاو دەکاتە دەرگای حەمامەکە. دیسان لە زەنگی دەرگا دەدەنەوە. گسکەکە لە کار دەوەستێنێو دەچێ دەرگای ژووری حەمام لاوو نیو دەکاتەوە.

لیزێ (بە دەنگێکی نزم): وا لە دەرگا دەدەن. خۆت دەرمەخە!

(دەچێ دەرگا دەکاتەوە. قولەڕەش لەناو دەرگاوە وەدیار دەکەوێ. قولەڕەشێکی قەڵەوی زەبەلاح، قژی سپی. شپرزەو ڕەنگ هەڵبزڕکاو) چییە ئەوە؟ ئێوە لەوانەیە ڕێتان لێ تێك چووبێ (ساتێ بێدەنگی) باشە، ئاخر چیتان دەوێ؟ دە، قسە بکە!

قولەڕەش (دەپاڕێتەوە): تکاتان لێدەکەم، مەدام، تکاتان لێدەکەم.

لیزێ: تکای چیم لێدەکەی؟ (باشتر لێی ورد دەبێتەوە) ڕاوەستە، کوا بزانم! ئەرێ تۆ نەبووی لەناو شەمەندەفەرەکە بینیتم؟! دەی، توانیت غار بدەیو لە دەستیان ڕزگار بیت؟ چۆن ناونیشانی منت دۆزییەوە؟

قولەڕەش: زۆر گەڕام، مەدام، هیچ شوێنێك نەما بە دووایدا نەگەڕێم. (ئاماژەیەك دەکات بۆ ئەوەی بتوانێ بێتە ژوورەوە) تکاتان لێدەکەم.

لیزێ: نەیەیتە ژوورەوە. میوانم هەیە. بەڵام پێم بڵێ چیت دەوێ؟

قولەڕەش: تکاتان لێدەکەم.

لیزێ: باشە، باش. چیت دەوێ؟ پارەت دەوێ؟

قولەڕەش: نا، مەدام. (بێدەنگی) تکاتان لێدەکەم، تەنیا ئەوەندەم دەوێ پێی بڵێن کە من هیچم نەکردووە.

لیزێ: بە کێ بڵێم؟

قولەڕەش: بە دادوەر بڵێن. تکایە، مەدام، تەنیا ئەوەندەی پێ بڵێن‌و بەس.

لیزێ: من هیچ ناڵێم.

قولەڕەش: تکاتان لێدەکەم.

لیزێ: هیچ هیچ هیچ. ژیانی خۆم پڕە لە دەردو بەڵا. هەر گرفتی خەڵکی دیکە مابوو. سەرم نایەشێ پەڕۆی لێ نابەستم. بڕۆ.

قولەڕەش: ئاخر تۆ دەزانی من هیچم نەکردووە. باشە من هیچم کردووە؟

لیزێ: تۆ هیچت نەکردووە، بەڵام من تاقەتی ئەوەم نییە بێمە بەردەم دادوەرو شایەتی بۆ تۆ بدەم.

من هەرچی دادگاو پۆلیس‌و مۆلیس هەن بە پوولێك نایانکڕم.

قولەڕەش: توخوا تاقەتم نەماوە. ماڵ‌و منداڵەکانم جێهێشتووەو بە درێژایی دوێنێ شەو هەر غارەغارم بووە.

لیزێ: بڕۆ ئەم شارە بەجێ بێڵە!

قولەڕەش: کەمینیان بۆم داناوەتەوە لە هەموو وێستگەکاندا.

لیزێ: کێ کەمینی بۆت داناوەتەوە؟

قولەڕەش: سپی پێستەکان.

لیزێ: کام سپی پێست؟

قولەڕەش: هەموویان. ئێوە دەڵێی ئەم بەیانییە نەچوونەتە دەرەوە!؟

لیزێ: نەخێر.

قولەڕەش: یەك دنیا خەڵك ڕژاونەتە سەر شەقامەکان. گەنج‌و پیر، بێ ئەوەی یەکتریش بناسن کەوتوونەتە مقۆمقۆ.

لیزێ: ئینجا چییە، ئەمە چی دەگەیەنێ؟

قولەڕەش: ئەوە دەگەیەنێ کە من ئیتر هێندە بەملاو بەولادا پەلەقاژێ دەکەم تا ئەو کاتەی دەسگیرم دەکەن. دەزانی: هەر وەختێ دوو سپی پێست، بێ ئەوەی یەکتریش بناسن، لەگەڵ یەکتر کەوتنە قسە، ئیدی لەو بەینەدا قولەڕەشێك هەر دەبێ سەری تیا بچێت. (بێدەنگی). خانم، تکایە پێیان بڵێ کە من هیچ خەتایەکم نییە. تەنیا ئەمە بە دادوەر بڵێو تەواو. بەو کەسانە بڵێ کە لە ڕۆژنامەکاندا کار دەکەن بەڵکو بڵاوی دەکەنەوە. بڵێیت، توخوا!

لیزێ: هاوار هاوار! میوانم هەیە. (بێدەنگی). بۆ ڕۆژنامان گفتت نادەمێ. کاتی ئەوە نییە خۆم دەربخەم. (بێدەنگی). بەڵام ئەگەر بێنو بە زۆری داوام لێبکەن شایەدی بدەم، ئەوا بەڵێنت دەدەمێ، باش، ڕاستییەکەیان پێ دەڵێم.

قولەڕەش: پێیان دەڵێی کە من هیچم نەکردووە؟

لیزێ: پێیان دەڵێم.

قولەڕەش: بەڵێنم دەدەیتێ، مەدام؟

لیزێ: ئا، ئا.

قولەڕەش: سوێند بەو خوایەی لەسەر سەرمانە؟

لیزێ: ئۆوەه! دە وەل بە ئیتر. من بەڵێنم پێت دا، بیبڕەوە ئیتر. (بێدەنگی). دە بڕۆ دەی. ئێ، دە بڕۆ!

قولەڕەش (لەناکاو): تکات لێدەکەم، لای خۆت بمشارەوە!

لیزێ: بتشارمەوە؟

قولەڕەش: حەز ناکەی؟ مەدام، توخوا، نامشاریتەوە لای خۆت؟

لیزێ: بتشارمەوە؟ من بتشارمەوە! دە فەرموو (دەرگای لە ڕوو دادەخا) سەرم نایەشێ پەڕۆی لێ نابەستم (بەرەو دەرگای حەمامەکە دەڕوا) فەرموو بچۆرە دەرەوە!

فرێد دەستی لەناو قۆڵی کراسی، بێ قەرەوێت دێتە دەرەوە.

دیمەنی دووەم

لیزێ، فرێد

فرێد: ئەوە چی بوو؟

لیزێ: هیچ نەبوو.

فرێد: من وامزانی پۆلیس بوو.

لیزێ: پۆلیس؟ تۆ هیچت لەگەڵ پۆلیس هەیە؟

فرێد: من، نەخێر. گوتم لەوانەیە ئیشیان بە تۆ هەبووبێ.

لیزێ (بە هەڕەشەوە): من بە درێژایی ژیانم پێنج فلسی هیچ کەسێکم نەخواردووە تا پۆلیس بکەونە دوام.

فرێد: هەر قەت دەستەویەخەی پۆلیس نەهاتوویتەتەوە؟

لیزێ: بەهەرحاڵ، لەسەر دزی، نا.

(لیزێ گسکە کارەباییەکە دەخاتە کارو گرەگرەکەی بەرز دەبێتەوە).

فرێد (بە گرەگرەکە جاڕس بووە): ئۆوەه!

لیزێ (هاوار دەکا بۆ ئەوەی فرێد گوێی لێبێ): چیتە ئەوە ئازیزم؟

فرێد (هاوار دەکا): پەردەی گوێم دڕا.

لیزێ (هاوار دەکا): وا تەواو دەبم (بێدەنگی). چی بکەم.

فرێد (هاوار): چی؟

لیزێ (هاوار): دەڵێم چی بکەم، من ئیتر وا راهاتووم.

فرێد (هاوار): چۆن راهاتووی؟

لیزێ (هاوار): ئاوها. ئەو شەوەی میوانم هەبێ، بۆ سبەینەکەی، دەبێ ژوورەکە گسك بدەمو خۆشم بشۆم.

(گسکە کارەباییەکە دەکوژێنێتەوە).

فرێد (پەنجە بۆ ناو نوێنەکە درێژ دەکا): کەوابوو، دە ناو نوێنەکەش داپۆشە!

لیزێ: چی؟

فرێد: دەڵێم: ناو نوێنەکەش داپۆشە. بۆنی گوناهی لێدێ.

لیزێ: گوناه؟ ئەم قسەیەت لە کوێ هێنا؟ تۆ دەڵێی قەشەیت قسەم لەگەڵ دەکەی. تۆ قەشەی؟

فرێد: نەخێر. بۆچی؟

لیزێ: چوزانم، بە زمانی ئینجیل قسە دەکەی (لیزێ تەماشای دەکا) نا، تۆ قەشە نیت. تۆ باش بایەخ بە ڕێکپۆشیی خۆت دەدەیت. کوا بزانم ئەنگوستیلەکانت (بە سەرسامییەوە) ئەڵڵاه .. دەی دەی.. دەوڵەمەندی!؟

فرێد: بەڵێ.

لیزێ: زۆر دەوڵەمەندی؟

فرێد: زۆر.

لیزێ: باشتر (دەستەکانی ئەڵقە ئاوێزی ملی دەکاو لێوی لە لێوی نزیك دەخاتەوە) وا بزانم دەوڵەمەندی بۆ پیاو باشترە، وای لێ دەکا متمانەی زۆرتر بە خۆی هەبێت.

فرێد: ناو نوێنەکە داپۆشە!

لیزێ: باش، باش، دەچم دایدەپۆشم. (بەدەم

داپۆشینی ناو نوێنەکەوە، لە بەرخۆیەوە پێدەکەنێ). بۆنی گوناهی لێدێ.. من وام نابینم. با وا بێ. بەڵام خۆ ئەمە گوناهی تۆیە، ئازیزم. (فرێد مۆڕەی لێدەکا) باشە، باشە، هی منیشە. بەڵام من ئەم جۆرە گوناهانەم هێندە بۆ نووسراون هەر لە ژمارە نایەن. (لەسەر سیسەمەکە ڕۆدەنیشێو فرێدیش لە تەنیشت خۆی دادەنیشێنێ) وەرە، وەرە با لەسەر گوناهەکەمان دانیشین. گوناهێکی خۆش بوو، وا نییە؟ گوناهێکی خنجیلانە بوو (پێدەکەنێ) چاوەکانت دامەگرە! دەتترسێنم؟ (فرێد بە توندییەوە دەینووسێنێ بە خۆیەوە) ئاخ، ئەزیەتم دەدەی. تۆ ئازارم دەدەی. (فرێد بەری دەدا) کابرایەکی عەنتیکەی! پێ ناچێ پیاوێکی باش بیت، تۆ. (بێدەنگی) پێم بڵێ، تۆ ناوت چییە! پێم ناڵێی؟ ناخۆشە ئەمە، دەزانی: کە تۆ ناوی خۆت بە من ناڵێی! کەس نازناوی

خۆی بە من نالێ. خۆ هەقیشیانە، دەی با تۆ یەکەمین کەس بیت ناوی خۆت بە من دەڵێی! باشە من ئەگەر ناوی کەستان، چۆن یەکێکتان لە ئەوی دیکەتان جودا بکەمەوە؟ دە ناوی خۆتم پێ بڵێ، ئازیزەکەم، دەی!

فرێد: نا.

لیزێ: باشە، ناوت لێدەنێم "جەنابی بێ ناو". (لیزێ هەڵدەستێتەوە) راوەستە با ژوورەکە بێنمەوە سەر خۆی. (هەندێ کەلوپەل رێك دەخاتەوە). ئێرە، ئەمەتا. ئێستا هەموو شتێك رێکە. کورسییەکان بە دەوری مێزەوە: بەم شێوەیە رێکترە. ئەرێ بە راست تۆ هیچ دواکاندارێك ناناسی کە تابلۆ بفرۆشێ؟! حەز دەکەم چەند تابلۆیەك بکڕمو بە دیواریان هەڵواسم. خۆم تابلۆیەکم هەیە بە ناوی (گوڵدانی شکاو)، فەرەنسییە. کچۆڵەیەکە، بەستەزمانەی، گوڵدانەکەی لێ شکاوە.

فرێد: کام گوڵدان؟

لیزێ: چوزانم، گوڵدانی خۆی. هەڵبەتە دەبێ گوڵدانێکی هەبووبێ. بەڵام من وێنەی پیرەژنێکم دەوێ، داپیرەیەك، کە خەریکی چنین بێ، یان دانیشتبێ حەکایەت بۆ رۆڵەکانی بگێڕێتەوە. ئا، بە راست، با بچم پەنجەرەکە بکەمەوە. (کارەکە دەکا). هەوایەکی چەنێك خۆشە! دیارە رۆژێکی خۆش دەبێ، ئەمڕۆ. (خۆی لە بەریەك رادەکێشێ) ئاهەی، ئەمڕۆ دڵم زۆر خۆشە، هەوایەکی خۆش! حەمامێکی خۆشیشم کرد، شەوێکی خۆشیشم گوزەراندووە. وەرە، وەرە! وەرە تەماشای ئەو دیمەنە بکە کە من لێی دەڕوانم. دیمەنێکی جوان. چاو بە هەر لایەکدا دەگێڕی، دارو درەختی رازاوە. نازانم من چ بەختێکم هەبوو: بە بێ ئەزیەت ئەم خانووەم لەم گەڕەکە خۆشەدا وەدەست کەوت. نایەی؟ تۆ شارەکەی خۆتت خۆش ناوێ؟

فرێد: من له پەنجەرەی خۆمەوە خۆشیم دەوێ.

لیـزێ (لـەناكاو): بـە راسـت، ئـەرێ هـەر لەگـەڵ سـبەینەی سـاڵمان، چـاوت بـە قولەڕەشـێك بكەوێت، مایەی بەدبەختی نییە؟

فرێد: بۆچی ئەمە دەپرسی؟

لیـزێ: ئـاخر.. مـن.. ئـەوەتا.. قولەڕەشـێك، بەسـەر شۆستەی بەرامبەرمەوە.. تێدەپەڕێ.

فرێـد: بینینـی قولـەڕەش هەمیـشە بەدبـەختیی بەدواوەوەیە. قولەڕەش له ئیبلیس بەدفەڕترن. پەنجەرەكە داخە!

لیزێ: تۆ ناتەوێ من بتوانم هەناسە بدەم؟

فرێد: دەڵێم پەنجەرەكە داخە. پەردەكانیش دادەوە. گڵۆپەكەش داگیرسێنە!

لیزێ: بۆ؟! ئەم هەموو شتە، لەبەر قولەڕەش..؟

فرێد: گەمژە.

لیزێ: بەم خۆرەتاوە خۆشە!

فرێـد: مـن لێـرە پێویـستیم بـە خۆرەتـاو نییـە.

دەمەوێ ژوورەكەت لەسەر هەمان باری "شـەو" بمێنێتەوە. پێم وتی پەنجەرەكە داخـە! مـن بۆ خۆم له دەرەوە دەتوانم خۆر ببینم.

(فرێد هەڵدەستێتەوە، بەرەولای دەچێو تەماشای دەكا)

لیزێ (بە شپرزەییەوە): چی قەوماوە؟

فرێد: هیچ. قەرەوێتەكەمم بدەرێ!

لیزێ: له حەمامەكەیە (لیزێ دەچێتە دەرەوە. فرێد بە پەلـە چـەكمەجەكانی مێزەكـە رادەكێـشێتو بـە دوای شـتێكدا دەگـەڕێ. لیـزێ: دەسـت بـە قەرەوێتــەوە دێتــەوە ژوورێ) هانــێ، ئەمــەش قەرەوێتەكەت. راوەستە! (قەرەوێتەكە لـە ملی دەبەسـتێ). دەزانــی: كــەم رێ دەكــەوێ مــن مـشتەریی رێگـوزەر پەسـەند بكـەم! ئەمـەش چـونكە هـەرجارەو سـەروگوێلاكێكی تـازەم لێدێتە ژوورەوە. من حـەز دەكـەم تـەنیا سـێ – چـوار مـشتەری پـێم رابـێن، ئـەویش – ئـاوا – كەوتبێتنـە نـاو ساڵەوە، یـەكێك بـۆ رۆژی سـێ

شەمووان، یەکێك بۆ پێنج شەمووان. ئەوەی دیکەش بۆ ڕۆژانی یەکشەممەی ئاخری هەفتە. تۆ، باشیت: ئەگەرچی گەنجیت، بەڵام بە ڕەفتار لە خۆگەڕاوەی. ئیدی ئەگەر جار بە جار حەزت لێبوو.. دەی، باشە، من هیچی دیکە ناڵێم. خۆت دەزانی.. تۆ زۆر قۆزیت، دەزانی! عەینەن "ئەستێرەیەك". دە ماچێکم بدەرێ، دەی، ئازیزەکەم، لە پاداشتی ئەو زەحمەتەی بۆتم چەشت، ماچم بکە. حەز ناکەی باوەشێکم پێدا بکەی؟

(فرێد لەناکاو توند ماچێکی دەکاتو لە خۆی دوور دەخاتەوە) ئۆف..

فرێد: تۆ ئیبلیسی.

لیزێ: ها؟

فرێد: تۆ ئیبلیسی!

لیزێ: دیسان بات دایەوە بە زمانی ئینجیل قسەم لەگەڵ بکەی؟

فرێد: هیچ. گاڵتەم کرد.

لیزێ: شێوازێکی ناجۆرت بۆ گاڵتەکردن هەیە. (بێدەنگی). باشە، دەی، بە دڵت بوو؟

فرێد: چیم بە دڵ بوو؟

لیزێ (لاسایی دەکاتەوە): چیم بە دڵ بوو؟ ئاخ "کوڕیژگەی بەستەزمان" چەنێك خەشیمی!

فرێد: ئا – م، بەڵێ. زۆرم بە دڵ بوو. خۆش بوو. چەندت دەوێ؟

لیزێ: کێ باسی پارەی لەگەڵ کردووی؟ من تەنێ ئەوەتم لێپرسی ئاخۆ بە دڵت بووم یا نا؟ تۆش دەتوانی دڵنەرمانە وەڵامم بدەیتەوەو تەواو. چییە ئەمە؟ بە ڕاست – بە ڕاست: بە دڵت نەبووم؟ باوەڕ ناکەم. بەلامەوە سەیرە.

فرێد: بەسیەتی ئیتر.

لیزێ: چونکە بە بیرمە، تۆ توند توند منت بە سینەی خۆتەوە دەگوشی، جگە لەمەش بە ئەسپاییەوە پێت گوتم "خۆشم دەوێی..".

فرێد: تۆ سەرخۆش بوویت.

لیزێ: نەخێر وا نییە! سەرخۆش نەبووم.

فرێد: با. سەرخۆش بووی.

لیزێ: من پێت دەڵێم سەرخۆش نەبووم.

فرێد: باش، من خۆم سەرخۆش بووم.. دەی. هیچیشم نایەتەوە بیر.

لیزێ: بەداخەوە! من جلوبەرگی خۆمم لەناو حەمامەکە داکەند. کاتێ بەرەو لات هاتم، تۆ ڕەنگت سوور هەڵگەڕا. بە بیرت نایە؟ بە بیرت نایە گڵۆپەکەت کوژاندەوەو لەناو تاریکیدا لێم نزیك کەوتیتەوەو دەستت بۆ درێژ کردم؟ من ئەم گڵۆپ کوژاندنەوەیەتم پێ خۆش بوو: پیاوانەو بە حورمەتەوە بۆم هاتیت.. بە بیرت نایەتەوە؟

فرێد: نەخێر.

لیزێ: ئەدی ئەو ساتەی پێکەوە رووت وەك دوو منداڵی تازە زاو لەناو یەك بێشکەدا یاریمان

لەگەڵ یەکتر دەکرد؟ خۆ ئەمەت لەبیرە؟

فرێد: دەڵێم بیبڕەوە ئیتر! دەمت داخە! ئەوەی لە تاریکیدا دەکرێ، لەناو هەمان تاریکیدا کۆتایی پێ دێ. پێی ناوێ بە رۆژ قسەی لە بارەیەوە بکرێ!

لیزێ: من پێم خۆشە باسی بکەمەوە. دەزانی؟ من زۆر خۆشم رابوارد.

فرێد: ئاهاه ..! زۆر خۆشت رابوارد! (بەرەو لای لیزێ دەڕوا. دەستی لاواندنەوە بە شانەکانیدا دەهێنێو دەستەکانی دەئاڵێنێتە ملی). ئێوەی ژن هەمیشە پێتان خۆشە کاتێ پیاو ئازارتان دەدەن. (بێدەنگی). ئەو شەوەی لەگەڵ مندا راتبوارد: من لەبیرم کرد. تەواو. بیرم چۆتەوە. من تەنیا ئەو ساتانەم لەبیر نەچۆتەوە کە سەمامان پێکەوە دەکرد. کاتەکانی دیکەی شەو تەنیا لە بیری تۆدا ماونەتەوە. تەنیا تۆ، تێگەیشتی. (قوڕگی دەگرێ).

لیزیٚ: ئەوە چی دەکەی؟

فرێد: دەست دەنێمە قوڕگتەوە.

لیزیٚ: تۆ ئازارم دەدەی!

فرێد: تەنیا تۆ! ئەگەر کەمێك قایمتر دەستم داگرم ئیدی هیچ کەسێك لە دنیا نامێنیٚ کە ئەم شەوەی لەیاد بمێنیٚ! (دەستی لیٚ هەڵدەگریٚ). چەندت بدەمیٚ؟

لیزیٚ: ئەگەر تۆ لەیادت چووبێتەوە مانای وایە من باش ئیشم نەکردووە. کەواتە من حەز ناکەم پارەت لیٚ وەربگرم.

فرێد: قسەی لەم جۆرە مەکە. چەندت بدەمیٚ؟

لیزیٚ: گویٚ بگرە، من لە پێرێوە هاتوومەتە ئێرە. تۆ یەکەمین کەسیت هاتووی بۆ لام. با بە خۆڕایی بێتو پارەم ناویٚ. بەڵکو خێریشی پێوە دەبیٚ.

فرێد: پێویستیم بە دیاریی تۆ نییە.

(دە دۆلارییەك دەخاتە سەر مێزەکە).

لیزیٚ: منیش پێویستیم بە پارەی ناچیزەی تۆ نییە، بەڵام دەمەویٚ بزانم تۆ من بە چەند دەنرخێنی؟ بوەستە با لێکی بدەمەوە (دە دۆلارییەکە لە دەست دەگرێتو چاوەکانی دەنووقێنیٚ) چل دۆلار؟ نا، ئەمە زۆرە، جگە لەمەش لەو کاتەدا دەبووایە دوو پارچە بووایە. بیست دۆلار؟ نا؟ کەواتە دەبیٚ زیاتر لە چل دۆلار بێت؟ پەنجا دۆلار؟ (بە درێژایی ئەو ماوەیە فرێد تەماشای دەکاو بێدەنگ پێدەکەنیٚ). قەیناکە هەرچەند بیٚ، چاوم دەکەمەوە. (تەماشای پارچەی پارەکە دەکات) بە سەهوو نەچوویتە؟

فرێد: باوەڕ ناکەم.

لیزیٚ: تۆ ئاگات لێیە چیت داوەتە من؟

فرێد: بەڵیٚ.

لیزیٚ: هەڵیگرەوە. هەڵیگرەوە دەی (بە دەست پێی دەڵیٚ نامەویٚ) دە دۆلار! خۆت تاڵان کرد.

کچێکی جوانکیلەی وەکو من، بە دە دۆلار! تۆ دیارە ئەو رانە نازدارانەی منت نەدیت؟ (رانی خۆی بۆ دەردەخا). ئەدی ئەو مەمکانەم، نەتدین؟ ئەم مەمکانەم بایی بیست دۆلارن. پارەکەت هەڵگرەوەو عەرەبانەکەت راکێشە، با تووڕە نەبم! جەنابیشت دەتویست دوای هەر تەواوبوونێك دەست پێبکەیتەوە؛ دەشتویست باسی منداڵیی خۆمت بۆ بگێڕمەوە؛ بەم بەیانییە زووەش بە دەموچاوێکی گرژیشەوە هەستاویتو دەڵێی مووچەی مانگانەم دەدەیتێ: ئەم هەموو بەزمەم پێدەکەی، بە چەند؟ چل دۆلار نا، سی دۆلاریش نا، بیستیش نا؛ دە دۆلار!

فرێد: هەر دەستێکم تێت وەردا، ئیتر. ئەمە زۆریشە.

لیزێ: دەست لە خۆت وەردە، هەی بێ حورمەت! دایکت دەبێ حەتمەن ژنێکی بەڕەڵا بووبێتو فێری نەکردبیت چۆن رێزی ژنان بگریت.

فرێد: دەمت دادەخەی، یا نا؟

لیزێ: دایکت حەتمەن ژنێکی بەڕەڵا بووە، سەرسەری..

فرێد (خوێنساردانەو بە رقەوە): با ئامۆژگارییەکت بکەم کچێ: ئەگەر دەتەوێ نەتخنکێنم، چیتر باسی دایکی ئەو پیاوانە مەکە کە دێن سوارت دەبن!

لیزێ (رووبەڕووی دەچێ): بمخنکێنە! دە بمخنکێنە، دەی، با ببینم!

فرێد (دەکشێتەوە): لەسەرخۆ بە، ئارام بەوە! (لیزێ گوڵدانێك لەسەر مێزەکەوە هەڵدەگرێتو دەیەوێ لە سەری فرێدی بشکێنێ). هانێ ئەوە دە دۆلاری دیکەشت دەدەمێ، بەس داسەکنێ! ئارام دەبیتەوە یان حەپست بکەم؟

لیزێ: تۆ؟ تۆ من حەپس دەکەی؟

فرێد: بەڵێ من.

لیزێ: تۆ؟

فرێد: من.

لیزێ: بەلامەوە سەیرە بتوانی.

فرێد: من کوڕی (کلارک)م.

لیزێ: کلارک کێیە؟

فرێد: سیناتۆر. نوێنەری "ئەنجومەنی پیران".

لیزێ: بە راست؟ منیش دەزانی کچی کێم؟ کچی (رۆزفێلت).

فرێد: تۆ (کلارک)ت دیوە لەسەر لاپەڕەی رۆژنامەکاندا؟

لیزێ: ئینجا چییە؟

فرێد: ئەوەتا سەیرکە (وێنەیەکی پیشان دەدا). من لە تەنیشت ئەو وێستاوم، دەستی خستۆتە سەر شانم.

لیزێ (لەناکاو ئارام دەبێتەوە): ئێ، دە وا بلێ. کوا ببینم. باوکێکی باشت هەیە.

(فرێد وێنەکەی لە دەست دەسەنێتەوە).

فرێد: بەسە.

لیزێ: پیاوێکی باش دیارە، پیاوێکی رۆح سووکو دادپەروەریش. راستە دەڵێن قسەو گوفتاریشی عەینەن شەکرە؟ (فرێد وەڵام ناداتەوە). ئەو باخچەیە هی خۆتانە؟

فرێد: بەڵێ.

لیزێ: گەورە دیارە. ئەدی ئەو منداڵە بچوکانەی سەر قەنەفەکە، خوشکتن؟ (فرێد: وەڵام ناداتەوە). ماڵەکەتان کەوتۆتە سەر تەپۆلکەیەکەوە؟

فرێد: بەڵێ.

لیزێ: کەواتە سبەینان کاتێ نانی بەیانیت دەخۆی، هەموو شارەکەت لە پەنجەرەکەی خۆتەوە لێ دیارە؟

فرێد: بەڵێ.

لیزێ: لە کاتی نانخواردن زەنگتان بۆ لێدەدەن؟ بە زەنگ لێدان بانگتان دەکەن؟ ئێ دە هیچ نەبێ

وەڵامم بدەوە!

فرێد: شەیپوورمان بۆ لێدەدەن.

لیزێ (بە حەپەسانەوە): شەیپوور!! من سەر لە تۆ دەرناکەم! تۆ کوڕی بنەماڵەیەکی ئاوها بیتو ماڵێکی ئاوهات هەبێ.. چۆن دێی بە پارە لەگەڵ من دەنووی! (بێدەنگی). لەبارەی ئەو قسەیەی بە دایکتم گوت، داوای لێبوردنت لێدەکەم. ئەویش لەناو وێنەکەدایە؟

فرێد: من پێم گوتی ناوی دایکم نەبەی جارێکی تر!

لیزێ: باش. باش. (بێدەنگی). دەتوانم پرسیارێکت لێبکەم؟ (فرێد وەڵامی ناداتەوە). مادام تۆ ئەوەندە بێز لە "خۆشەویستی" دەکەیتەوە، ئەدی بۆچی هاتووی بۆ لای من؟ (فرێد وەڵامی ناداتەوەو لیزێ هەناسەیەک هەڵدەکێشێ). هەر چۆنێک بێ! تا ئەو کاتەی لای منی، من هەوڵ دەدەم خۆم لەگەڵ تۆ رابهێنم.

(ماوەیەک بێدەنگی. فرێد بەرامبەر ئاوێنەکە شانەیەک بە قژی خۆیدا دەهێنێ).

فرێد: تۆ خەڵکی باکووری؟

لیزێ: بەڵێ.

فرێد: خەڵکی نیوویۆرکیت؟

لیزێ: لای تۆ ئەمە چ بایەخێکی هەیە؟

فرێد: ماوەیەک بەر لە ئێستا باسی نیوویۆرکت دەکرد. بۆیە.

لیزێ: هەموو کەسێک دەتوانێ باسی نیوویۆرک بکا. ئەمە هیچ شتێک ناسەلمێنێ.

فرێد: بۆچی بۆ خۆت هەر لەوێ نەمایتەوە؟

لیزێ: جام کە پڕ بوو، لێی دەڕژێ.

فرێد: بێزار ببووی؟

لیزێ: بێگومان. هەرچی گرفتی دنیا هەیە، روو لە من دەکا. هەندێ کەس هەر بە سروشت ئاوها وەکو من چارە رەشن. ئەم مارەت دیوە؟ (لیزێ بازنەکەی پیشان دەدا) ئەم مارەیە بەڵاو گرفتم

بۆ دروست دەکا.

فرێد: ئەدی بۆچی لە دەستی دەکەی؟

لیزێ: مادام هەمە، دەبێ لە دەستی کەم. دەڵێن کە مار زۆر بێ رەحمانە تۆڵەی خۆی دەکاتەوە.

فرێد: ئەو ژنە تۆ بووی کە قولەڕەشەکە دەیویست بە زۆری بتخاتە ژێر خۆیەوە؟

لیزێ: چی؟!

فرێد: پێرێ تۆ نەبووی بە شەمەندەفەری خێرای کاتژمێر شەش گەیشتبوویتە ئێرە؟

لیزێ: با.

فرێد: کەواتە تۆ بووی کە قولەڕەشەکە ویستبووی تەعەددات لێ بکا.

لیزێ: هیچ کەسێك دەستی بۆ درێژ نەکردووم. نا. (لیزێ بە کەمێك گاڵتەجاڕییەوە پێدەکەنێ) تەعەددام لێ بکا؟ تۆ ئاگات لە خۆیە چ دەڵێی؟

فرێد: تۆ بووی. با. وێبستەر Webster دوێنێ لەناو سەماخانەکەدا حەکایەتەکەی بۆم گێڕایەوە.

لیزێ: وێبستەر؟ (بێدەنگییەك) ئاها! کەواتە ئەمە بوو مەبەستت!

فرێد: چی؟

لیزێ: کەواتە ئەم هەموو هێنو منهێنەت هەمووی لەپێناو ئەمە بوو! لە چاوتەوە دیار بوو هەی مەلعوون! کوڕی پیاوێکی ئەوەندە باشیشیت.

فرێد: دەڵەقۆڕ (بێدەنگی). من ئەگەر بمزانیبا تۆ لەگەڵ قولەڕەشێك نوستووی..

لیزێ: ئێ..؟!

فرێد: من پێنج نۆکەری قولەڕەشم هەیە. کاتێ تەلەفونێکم بۆ دەکرێو یەکێکیان هەڵیدەگرێ، پێش ئەوەی دەسکی تەلەفونەکەم بداتە دەست، پاکی دەکاتەوە.

لیزێ (بە سەرسوڕمانەوە بۆ پیاهەڵدانی، فیتەیەك لێدەدا): ئاها..!

فرێد (بە نەرمییەوە): ئێمە لێرە قولەڕەشمان ئەوەندە خۆش ناوێ. ئەو مرۆڤە سپیانەشمان

خۆش ناوێ کە سەودایان لەگەڵ ئەواندا هەیە.

لیزێ: بیبڕەوە! من رقم لێیان نابێتەوە، بەڵام بۆشیان نییەو رازی نابم دەستم بۆ درێژ بکەن.

فرێد: کێ دەزانێ! تۆ ئیبلیسی. قولەڕەشیش لە تۆ خراپتر. (لەناکاو) دەی.. ئینجا کابرای قولەڕەش ویستبووی تەعەددات لێبکا؟

لیزێ: هەتا ئەگەر واشبێت، بە تۆ چی؟

فرێد: دوو قولەڕەش پێکەوە خۆیان کردبووە ناو فارگۆنەکەتەوە، لەناکاو خۆیان بەسەرتدا دابوو. تۆش کەوتبوویتە هاوار هاوار بۆ ئەوەی خەڵکی سپی بێن رزگارت بکەن. یەکێك لە قولەڕەشەکان بە مووسی ردێنتاشەکەی خۆی پەلاماری پیاوە سپییەکانی دابوو، ئەوانیش نەیانکردبووە نامەردی گوللەیەکیان لێ دابوو. بەڵام قولەڕەشەکەی دیکە رایکردبوو.

لیزێ: وێبستەر بۆتی گێڕاوەتەوە؟

فرێد: ئا.

لیزێ: ئەو لە کوێ ئەمەی زانی!

فرێد: هەموو خەڵك باسی دەکا.

لیزێ: هەموو خەڵك؟ ئەمەش لە بەختی من. باشە ئێوە هیچی دیکەتان نییە قسەی لەسەر بکەن؟

فرێد: باشە ئەمە رووی نەداوە کە من گێڕامەوە؟

لیزێ: بە هیچ شێوەیەك. دوو قولەڕەشەکە ئارام ئارام بۆ خۆیان دانیشتبوونو قسەیان لەگەڵ یەکتر دەکرد؛ تەنانەت سەیریشیان نەدەکردم. پاشان دیتم چوار سپی پێست خۆیان هەڵکوتایە ناو فارگۆنەکەوەو دوو لەو پیاوانە لەملاو لەولاوە کەپسیان کردبووم. لە گەمەی (روگبی) گەڕابوونەوەو بردبوویانەوە. سەرخۆش بوون. دەیانگوت کە بۆنی قولەڕەش لەناو ئەم فارگۆنە دێتو پاشان ویستیان قولەڕەشەکان لە پەنجەرەی شەمەندەفەرەکەوە فڕێ بدەنە دەرەوە. قولەڕەشە بەستەزمانەکانیش بەرگرییان لە خۆ کرد. لە کۆتاییدا یەکێك لە

پیاوە سپی پێستەکان دامربۆکسێکی بە لاچاوی کەوت. لەو کاتەدا بوو ئەو سپی پێستە دەمانچەکەی دەرهێناو تەقەی لێکرد. تەواو. قولەڕەشەکەی دیکەش ناچار، هەر کە گەیشتینە ناو وێستگەکە، لە پەنجەرەوە رایکردە دەرەوەو خۆی رزگار کرد.

فرێد: ئەویش دەناسین. هێندەی نەماوە ئەویش بە سزای خۆی بگات. (بێدەنگییەکی کەم). باشە تۆ ئەگەر بتبەنە بەردەم دادوەر، حەکایەتەکە بە هەمان ئەو شێوەیەی باست کرد دەگێڕیتەوە؟

لیزێ: ئەمە چ پەیوەندییەکی بە تۆوە هەیە؟

فرێد: وەڵامم بدەوە!

لیزێ: من نایەم بۆ لای دادوەر. من پێم گوتی کە زەندەقم لە شەڕوشۆڕ دەچێ.

فرێد: تۆ دەبێ بێیتە لای دادوەر.

لیزێ: نایەم. چیتر حەز ناکەم ناوم بکەوێتە ناو پۆلیسخانەکانەوە.

فرێد: دێن بە دواتدا دەگەڕێن.

لیزێ: کەواتە ناچار دەبم تەنیا ئەوە بگێڕمەوە کە دیومە.

(کەمێك بێدەنگی).

فرێد: بیرت لەوە کردۆتەوە کە لەو کاتەدا چ هەڵەیەك دەکەی؟

لیزێ: چ هەڵەیەك دەکەم؟

فرێد: تۆ دەتەوێ شایەدی لەسەر پیاوێکی سپی پێست بدەی لەپێناو رزگارکردنی قولەڕەشەکە.

لیزێ: ئەوجا خۆ وایشە، سپی پێستەکە تاوانبارە.

فرێد: تاوانبار نییە.

لیزێ: لەبەر ئەوەی خەڵکی کوشتووە، تاوانبارە.

فرێد: تاوانبارە بەهۆی چییەوە؟

لیزێ: بەوەی کە ئینسانێکی کوشتووە.

فرێد: قولەڕەشێکی کوشتووە.

لیزێ: ئێ؟

فرێد: ئێ.. ئێ.. تۆ هەر جارێك قولەڕەشێك

بکوژێتو تاوانبار بکرێی.. ئەمە چۆن دەبێ؟

لیزێ: مافی ئەوەی نەبوو.

فرێد: مافی چیی نەبوو؟

لیزێ: مافی ئەوەی نەبوو.

فرێد: ئەم مافەی تۆ باسی لێدەکەی لەلای خۆتان لە باکوور هەیە. (ماوەیەك بێدەنگی) بەهەرحاڵ ئەگەر تاوانبار بێت یان نا، تۆ بۆت نییە بێیت سزای هاونەژادێکی خۆت بدەیت.

لیزێ: من نامەوێ سزای هیچ کەسێك بدەم. بەڵام ئەگەر بێن داوام لێبکەن کە من چیم دیوەو بیگێڕمەوە، راستییەکەی دەڵێم.

(ماوەیەك بێدەنگی. فرێد بەرەو رووی لیزێ دەڕوا).

فرێد: چی لە نێوان تۆو ئەو قولەڕەشەدا هەیە؟ تۆ بۆچی بەرگریی لێدەکەی؟

لیزێ: هەر ناشیناسم.

فرێد: کەواتە بۆچی..؟

لیزێ: دەمەوێ راستی بڵێم.

فرێد: راستی! سۆزانییەك کە نرخی تەنیا دە دۆلارە دەیەوێ راستی بڵێ! راستی نییە: قولەڕەشو سپی پێست هەیە. تەواو. حەڤدە هەزار سپی پێست، بیست هەزار قولەڕەش. ئێرە نیوویۆرك نییە بزانە؛ ئێمە لێرە ئەم جۆرە شۆخییانە ناکەین. (بێدەنگییەك). تۆماس کوڕی مامی منە.

لیزێ: چی؟

فرێد: تۆماس، ئەو کەسەی قولەڕەشەکەی کوشتووە؛ کوڕی مامی منە.

لیزێ: ئەه !

فرێد: تۆماس پیاوێکی موئەددەبە. هەرچەند ئەمە لای تۆ هیچ گرنگ نییە، بەڵام ئەو پیاوێکی موئەددەبە.

لیزێ: پیاوی موئەددەب ئاوها دەبێ؛ بتدیبایە چۆن خۆی بە منەوە نووساندبوو و.. دەیویست کۆشم هەڵداتەوە. هەر پیاوی ئاوها

موئەددەبمان بۆ دروست بکەن! بەهەرحاڵ من بەلامەوە سەیر نییە کە ئێوە هەردووکتان سەر بە هەمان بنەماڵەن.

فرێد (دەستی لێ بەرز دەکاتەوە): پیس.. (چاوی خۆی دەگرێ). تۆ ئیبلیسی. ئیبلیس دەبێ تەنیا تێی هەڵبدرێ. تۆماس ویستبووی دامەنت هەڵبداتەوە، گوللەی لە قولەڕەشێکی چەپەڵ داوە، لەمانە باشتر؛ هەموو ئەم شتانە ئەسڵەن هەر پێویستیان بەوە نییە بیریان لێبکرێنەوە. ئەوەی ئێستا دەبێ حسێبێکی بۆ بکرێت ئەوەیە کە تۆماس مەسئوولێکی گەورەی ئێمەیە.

لیزێ: مەسئوولێکی گەورەی ئێوەیە، باش. بەڵام ئەو قولەڕەشە هیچی نەکردووە.

فرێد: قولەڕەش هەمیشە شتێکی هەر کردووە.

لیزێ: من هەرگیز هیچ مرۆڤێك گیرۆدە ناکەمو نایخەمە تەڵەوە.

فرێد: ئەگەر قولەڕەش نەخەیتە تەڵەوە، تۆماس

دەکەوێتە تەڵەکەوە. هەرچۆنێ بێ، دەبێ یەکێکیان هەڵبژێریت. لەسەر خۆت ماوە.

لیزێ: ئەوەتا. قوڕەکە بۆ من گیراوەتەوە. (قسە لەگەڵ بازنەکەی دەکا). پیسی بۆگەن، لە بەڵا زیاتر هیچ سوودێکت بۆ من نەبووە. (بازنەکەی خۆی لە دەست دادەکەنێو فڕێی دەداتە سەر ئەرزەکە).

فرێد: چەند پارەت دەوێ؟

لیزێ: من هیچ پارەیەك وەرناگرم. نامەوێ.

فرێد: پێنج سەد دۆلار.

لیزێ: هیچ.

فرێد: دەبێ زیاتر لە شەوێك کار بکەیت تا ئەو پێنج سەد دۆلارەت دەست بکەوێ.

لیزێ: بە تایبەتیش ئەگەر موشتەریی وەك تۆم هەبێ (بێدەنگییەك). کەواتە بۆ ئەم مەبەستە بوو کە دوێنێ شەو داوات لێکردمو لەگەڵم هاتی؟

فرێد: هەڵبەتە.

لیزێ: کەواتە بۆ ئەمەت بوو. بە خۆتت دەگوت: ئەم گێلو وێلە هەڵەخەڵەتێنم، لەگەڵی دەچمەوەو مەسەلەی قولەڕەشەکەی پێ چارەسەر دەکەم. ها.. بۆ ئەمەت بوو! دەستەکانی منت توند توند دەگوشیو خۆشت ساردوسڕ، بیرت دەکردەوە: چۆن دەست پێبکەی، داوەکەم بۆ دابنێیتەوەو قسەم لێ دەربێنیت؟ (بێدەنگییەك). باشە پێم بڵێ کە تۆ بۆ ئەم مەبەستە بەگەڵ من کەوتیت، چ حەوجەی دەکرد لە لەشم نزیك بکەویتەوە؟ ها؟ بۆچی لەگەڵم خەوتیت هەی چەپەڵ؟ بۆ هاتیتە ناو نوێنەکەمەوە؟

فرێد: بۆ خۆشم نازانم شەیتان ئەمەی بۆچی پێکردم.

لیزێ (بەدەم گریانەوە دەکەوێتە سەر کورسییەك): چەپەڵی پیس! گەمژە!

فرێد: پێنج سەد دۆلار! ئەم فینگەفینگەت لە چییە.. چیی ترت دەوێ.. پێنج سەد دۆلار! بیبڕەوە، لیزێ، لیزێ عاقڵ بە! پێنج سەد دۆلار!

لیزێ (بەدەم هەنسکی گریانەوە): من عاقڵ نیم. ئەم پێنج سەد دۆلارەی تۆشم ناوێ، نامەوێ شایەدیی بە درۆ بدەم. دەمەوێ بگەڕێمەوە بۆ نیوویۆركو بڕۆمەوە کاولبووەکەی خۆم. (زەنگی دەرگا. لیزێ بە دەنگێکی نزم). چییە ئەمە؟ کوا وس بە! (زەنگێکی دوورودرێژ لە دەگاکەوە). دەرگا ناکەمەوە. بێدەنگ بمێنەوە. (بە کۆڵەمست لە دەرگا دەدەن).

دەنگێك: دەرگا بکەوە، پۆلیسە.

لیزێ (بە دەنگێکی نزم): پۆلیس. دەمزانی دێن. (بازنەکەی پیشان دەداتەوە). ئەمە هەمووی لە سۆنگەی ئەو بەسەر من دێ. (دادەنوشتێتەوەو بازنەکە دەکاتەوە مەچەکی). چی دەبێ با ببێ،

باشتر وایە بیکەمەوە مەچەکم. خۆت بشارەوە.
(بە کۆڵەمشت لە دەرگا دەدەن).
دەنگەکە: پۆلیسە!
لیزێ: دە تۆ خۆت بشارەوە. بچۆرە توالێتەکەوە.
(فرێد لە جێی خۆی جووڵە ناکا. لیزێ بە هەموو هێزی خۆی پاڵی پێوە دەنێ). دە بڕۆ! بڕۆ دەی!
دەنگەکە: فرێد لەوێی؟ لێرەی تۆ، فرێد؟
فرێد: لێرەم.
(فرێد خۆی لە دەست لیزێ رادەپسکێنێ. لیزێ گەمژە گەمژە تەماشای دەکا).
لیزێ: کەواتە ئەمەت لەژێر سەردا بوو!
(فرێد دەچێ دەرگا دەکاتەوە. جۆن‌و جێمس دێنە ژوورەوە).

دیمەنی سێیەم

لیزێو فرێد، لەگەڵ جۆن‌و جێمس

دەرگاکە هەر لەسەر پشتە.
جۆن: ئێمە پۆلیسین. تۆ لیزێ ماك کای؟
لیزێ (بێ ئەوەی گوێی لەمان بێ، هەر تەماشای فرێد دەکا): بۆ ئەم بەزمە هاتیتە لای من!
جۆن (شانی لیزێ دەگرێت‌و رایدەوەشێنێ): کە پرسیارێکت لێدەکەن، وەڵام بدەوە!
لیزێ: ها؟ بەڵێ منم.
جۆن: ناسنامەکەت.
لیزێ (بە زەحمەت توانیویەتی دان بە خۆیدا بگرێ): بە چ هەقێك تۆژینەوە لەگەڵ من دەکەن؟ هاتوونەتە ماڵەکەم چیتان دەوێ؟
(جۆن ئەستێرەکانی پۆلیسیی خۆی نیشان دەدا). هەرکەسێك دەتوانێ ئەم تانج‌و نەجمانە لە خۆی ببەستێ. ئێوە هەردووکتان برادەری ئەمن‌و رێککەوتوون لەسەر ئەوەی منیش

بگلێننە ناو فرۆفێڵەکەی خۆتانەوە.

(جۆن ناسنامەکەی خۆی دەخاتە بەر لووتی لیزێ).

جۆن: دەزانی ئەمە چییە؟

لیزێ (دەست بۆ جێمس درێژ دەکا): ئەدی ئەم؟

جۆن (روو دەکاتە جێمس): ناسنامەکەی خۆتی پیشان بدە!

(جێمس ناسنامەکەی پیشان دەدا. لیزێ تەماشای دەکا. دەچێتە لای مێزەکە بێ ئەوەی هیچ بڵێ. ناسنامەکەی خۆی دەردەهێنێتو دەیانداتێ. لە فرێد ورد دەبێتەوە).

جۆن: تۆ دوێنێ شەو ئەم پیاوەت هێناوەتە ماڵەوە. خۆشت باش دەزانی پیاو بۆ ئەم جۆرە ئیشە بهێنیتە ماڵەوە، سزای خۆی هەیە.

لیزێ: ئێوە بە تەواوەتی دڵنیان لەوەی کە مافی خۆتانە بە بێ هیچ پرسێك هەڵکوتنە سەر ماڵی خەڵك؟ لەوە ناترسن من تووشی چورتمێکتان بکەم؟

جۆن: تۆ ئێمە تووشی هیچ ناکەی. (بێدەنگییەك).
ئێمە تەنیا ئەوەمان لە تۆ پرسیوە ئایا تۆ ئەم پیاوەت لەگەڵ خۆت هێناوەتەوە ماڵ یا نا.

لیزێ (لەوەتەی پۆلیسەکان هاتوونەتە ژوور، لیزێ گۆڕاوە، سەرسەختترو جامبازتر بووە): سەری خۆتان ئەوەندە بەم پرسیارە مەیەشێنن. با. لەگەڵ خۆمم هێنایەوە ماڵ. بەڵام بە خۆڕایی لەگەڵی نووستووم، پارەم لێی وەرنەگرتووە. باشە!

فرێد: دوو پارچەی دە دۆلاری، کە لەسەر مێزەکە داندراون.. هی من بوون لەوێم داناون.

لیزێ: بیسەلمێنە!

فرێد (بێ ئەوەی تەماشای لیزێ بکا، رووی لەوانە): دوێنێ بەیانی لە بانقەکەی خۆم رامکێشاون. بیستو هەشت پارچەی دیکەشم پێیە کە ژمارەکانیان هەمان زنجیرەن. دەتوانن بەراوردی ژمارەکانیان بکەن.

لیزێ (هەڵدەچێ): من رازی نەبووم وەریان بگرم. من رازی نەبووم ئەم کاغەزە پیسانەی ئەو وەربگرم. بە دەموچاویم دادانەوە.

جۆن: ئەگەر رازی نەبووی وەریانبگری، ئەدی چۆن هێشتا هەر لەسەر مێزەکەتن؟

لیزێ (دوای بێدەنگییەك): نازانم چیتان پێ بڵێم! (لیزێ تەماشای فرێد دەکاتو مۆڕەی لێدەکات. پاشان بە دەنگێکی وەك بڵێی نەرمو نیان). ئەمەت لەژێر سەردا بوو، ها؟ (روو دەکاتە پۆلیسەکان). باشە ئێستا ئێوە چیتان لە من دەوێ؟

جۆن: دانیشە! (روو دەکاتە فرێد) مەسەلەکەت تێی گەیاندووە؟ (فرێد بە سەر وەڵامیان دەداتەوە). پێت دەڵێم دانیشە! (جۆن لیزێ فڕێ دەداتە ناو کورسییە قەنەفەکەیەوە). دادوەر رازییە تۆماس بەر بدا ئەگەر تۆ بە نووسین شایەدی بدەی. ئێمە کاغەزەکەمان بۆت نووسیوە.. تۆ تەنیا

ئیمزایەکی دەکەیتو تەواو. سبەینێ دیسان دێنەوە لاتو قسەت لەگەڵ دەکەنەوە. خوێندەواریت هەیە؟ (لیزێ شان هەڵدەتەکێنێ. جۆن کاغەزەکەی بۆ دەخاتە بەردەمی). بیخوێنەوەو ئیمزایەکی بکە!

لیزێ: لە سەرەتاوە تا کۆتایی هەمووی درۆی هەڵبەستراون.

فرێد: ئەگەر واشبێ. دوای ئەوە چی؟!

لیزێ: من ئیمزای ئەمە ناکەم.

فرێد: بە پێش خۆتانی بدەن (روو دەکاتە لیزێ). هەژدە مانگ حەپس!

لیزێ: هەژدە مانگ حەپس. باشە. بەڵام کە دێمە دەرەوە، خۆت دەبینیتەوە.

فرێد: چیت لەدەست دێ بیکە (هەردووکیان تەماشای یەکتر دەکەن. فرێد روو دەکاتە پۆلیسەکان). وا بزانم ئێوە دەبێ تەلەفونێك بۆ نیویۆرك بکەن، چونکە وا بزانم لەوێش

گیروگرفتو مەلەفی هەیە.

لیزێ (بە خۆپەسەندییەوە): لە ژنێك بە ئایینو ئۆێنتری. هەرگیز باوەڕم نەدەکرد پیاوێك بتوانێ هێندە چەپەڵ بێ.

جۆن: بڕیار بدە. ئیمزا دەکەی یان دەست بە کەلەپچەوە بتبەم؟

لیزێ: کەلەپچەکەم پێ باشترە، نامەوێ درۆ بکەم.

فرێد: ناتەوێ درۆ بکەی هەی..! ئەدی دوێنێ شەو بە درێژایی ئەو کاتە هەر چیت دەکرد؟ کاتێ پێت دەگوتم "ئازیزەکەم" "خۆشەویستەکە" "پیاوە شیرینەکەی خۆم" ئەدی ئەمانە هەموو درۆی تۆ نەبوون؟ کاتێ ئاخو ئۆفت رۆژەڕێیەك دەڕۆیشت بۆ ئەوەی وام تێبگەیەنیت کە ئی منت پێ خۆشە.. تۆ ئەو کاتانە درۆت نەدەکرد؟

لیزێ (بە دڵنیاییەوە): نەخێر. من درۆم نەدەکرد.

(تەماشای یەکتر دەکەن. فرێد چاوی لەسەر چاوی لادەبا)

فرێد: دە یەڵڵا، با کۆتایی پێ بێ. هانێ بە قەڵەمەکەی من، ئیمزای بکە!

لیزێ: دەتوانی قەڵەمەکەت بخەیتەوە باخەڵت.

(لەناو بێدەنگیدا، هەرسێ پیاوەکە تەماشای یەکتر دەکەنو چاش ماون).

فرێد: بزانە تووشی چی هاتووین.. لەگەڵ ئەم..! پیاوێکی گەورەو گرانی ئەم شارە چارەنووسی کەوتۆتە دەست کێ؟

فرێد (بە درێژیو پانیی ژوورەکە دێتو دەڕوا. لەناکاو دەگەڕێتەوە لای لیزێ): تەماشا کە! (فرێد وێنەیەکی پیشان دەدا). تۆ لەناو ئەم ژیانە چڵپاوەی خۆتدا گەلێك پیاوت دیوە، بەڵام هەرگیز پیاوی ئاوهات دیوە؟ تەماشای ئەم نێوچەوانەی بکە، تەماشای ئەم چەناگەیەی، تەماشای ئەم هەموو مەدالیایە لەسەر یەخەی. نا، نا، چاوت لەسەریان لا مەبە. تەماشای هەمووی بکە، ئەم پیاوە شکۆمەندە دەبێتە

قوربانیی تۆ. دەبێ تەماشای بکەی رووبەڕوو. دەیبینی چەند گەنجە، چەند شکۆدار، چەنێك کەشخە! ئینجا دڵنیابە، کاتێ لە حەپسخانە دێتە دەرەوە، دوای دە ساڵ، عەینەن پیرەمێردێکی لێهاتووە، قژی هەڵوەریوەو ددانەکانیشی زۆربەیان کەوتوون. تۆ بەمە دڵت خۆش دەبێ؟ ئەمە کارێکی باشە تۆ بیکەی؟ تۆ تاکو ئێستا پارەت لە گیرفانی خەڵك دەدزی، ئەمجارە باشترین پیاوت هەڵبژاردووەو دەتەوێ ژیانی ئەو بدزی؟ هیچیش ناڵێی، ها؟ ئەم بۆگەنبوونەی تۆ گەیشتۆتە ئێسقانەکانیشت، ها؟ (فرێد لیزێ دەخاتە سەر چۆك) چۆك دابدە، هەی سۆزانی! چۆك دابدە بەرامبەر وێنەی ئەو پیاوەی کە تۆ دەتەوێ حەیای ببەی!

(کلارك لە ناو دەرگاکەوە دێتە ژوورەوە).

دیمەنی چوارەم

هەمان کەسەکان، لەگەڵ سناتۆر (کلارك)

سیناتۆر: وازی لێبێنە. (روو دەکاتە لیزێ) هەستەوە!

فرێد: هەلاو.

جۆن: هەلاو.

سیناتۆر: هەلاو، هەلاو.

جۆن (رووی لە لیزێ): ئەمە سیناتۆرە، مستەر کلارك.

سیناتۆر(رووی لە لیزێ): هەلاو.

لیزێ: هەلاو.

سیناتۆر: باش. یەکتری ناسین تەواو بوو (تەماشای لیزێ دەکا). ئەمەیە کچەکە! ئادگارێکی زۆر جوانیشی هەیە.

فرێد: نایەوێ ئیمزا بکا.

سیناتۆر: بە تەواوەتی هەقی خۆیەتی. ئێوە هەمووتان لێی بە ژوور کەوتوون بە بێ ئەوەیش

کە مافی ئەوەتان هەبێ (بە تووڕەییەوە ئاماژەیەك بۆ جۆن دەكا) ئێوە هیچ مافێکی ئەوەتان نییە، ئێوە زۆری لێدەکەنو دەتانەوێ پێ لە ویژدانی خۆی بنێت. ئەم جۆرە رەفتارە هی ئەمریکییەکان نییە. ئێش چۆن وا دەبێ؟! رۆڵە ئازیزەکەم.. کابرای قولەڕەش تەعەددای لە تۆ کردووە؟

لیزێ: نەخێر.

سیناتۆر: تەواو. ئاشکرایە. تەماشای ناو چاوم بکە (سیناتۆر تەماشای دەکا). من دڵنیام درۆ ناکا. (بێدەنگییەك). قوڕ بەسەر ماری. (روو دەکاتەوە ئەوانی دیکە) تەواو، کوڕینە. ئێمە هیچمان نەماوە لێرە بیکەین. دەی. داوای لێبوردن لەم خانمە بکەینو.. بڕۆین.

لیزێ: ماری کێیە؟

سیناتۆر: ماری؟ خوشکەکەمە، دایکی تۆماسی بەدبەخت. پیرەژنێکی بەستەزمان، بەخوا هەر بە سك دەدا. خوات لەگەڵ رۆڵەکەم.

لیزێ (بە دەنگێکی نووساوەوە): جەنابی سیناتۆر!

سیناتۆر: رۆڵە گیان!

لیزێ: داوای لێبوردنت لێدەکەم.

سیناتۆر: تۆ بۆچی خەفەت بەمە دەخۆی بابە گیان، تۆ راستییەکەت بە ئێمە گوت.

لیزێ: من خەفەت بۆ ئەوە دەخۆم کە ئەم راستییە.. ئەم راستییە ببێتە هۆی..

سیناتۆر: ئێمە هیچ کەسێکمان، هیچ کەسێك، مافی ئەوەی نییە داوا لە تۆ بکا شایەدیی بە درۆ بدەی. (بێدەنگییەك). نا. خەمی ئەو ژنە بەستەزمانەت نەبێ. نا.

لیزێ: خەمی کێم نەبێ؟

سیناتۆر: خەمی خوشکەکەی من، دایکی تۆماس. تۆ خەمی خوشکەکەی منت نییە؟

لیزێ: با.

سیناتۆر: من باش ئەمە دەزانم، رۆڵەکەم. حەز دەکەی پێت بڵێم کە چ شتێك لەناو سەری تۆ

دەخوولێتەوەو چ شتێك بە خۆت دەڵێی؟ (وەکو لیزێ قسە دەکاتو دەمەلاسکەی دەکاتەوە) "ئەگەر ئێستا ئیمزای بکەم، سیناتۆر یەکسەر دەچێتە لای ئەو پیرەژنەی دایکی تۆماسو پێی دەڵێ: لیزێ مارکای کچێکی زۆر میهرەبانە، ئەو بوو کە کوڕەکەی تۆی رزگار کرد". ئەو کاتە پیرەژنەش لە توێی فرمێسکەکانیەوە دەگەشێتەوەو شاگەشکە، دەڵێ "لیزێ ماك کای؟ من هەرگیز نابێ ئەم ناوە لەبیر بکەم". ئێ منیش، بێکەسو بێکار کە چارەنووس ئاوها تووڕی هەڵداومەتە ژێر قاچەکانی کۆمەڵگەوە، لەمەودوا ژنێکی بەناوسالگەوتووی میهرەبان، هەمیشە لە ماڵەکەی خۆیدا منی لەبیر دەبێتو.. چەند خۆشە دایکێکی ئەمریکایی لەناو دڵی خۆیدا دالدەم بدا!". ئای لیزێی بەستەزمان. چیتر بیری لێ مەکەوە. دەی!

لیزێ: ئەو ژنە سەری سپی بووە؟

سیناتۆر: سپی سپی سپی. بەڵام دەموچاوی دەڵێی گوڵە. خۆزگە زەردەخەنە نازدارەکانیت دەبینی.. بەڵام تەواو، ئەو خۆ چیتر زەردەخەنەی ناکەوێتەوە سەر لێو! خوات لەگەڵ. سبەینێ راستییەکە چییە لە دادگا بیڵێو تەواو.

لیزێ: دەڕۆن؟

سیناتۆر: ئەدی چ بکەین، با بچم هیچ نەبێ سەرێکی لێبدەم. دەچم ئەم قسانەی بۆ دەگێڕمەوە.

لیزێ: ئەو دەزانێ تۆ لێرەی؟

سیناتۆر: من لەسەر داخوازیی ئەو هاتبووم بۆ لای تۆ، دەپاڕایەوە بەستەزمانە.

لیزێ: خوایە! یەعنی ئەو چاوەڕێی وەڵامی من دەکاتو تۆش دەچی پێی دەڵێی کە من رازی نەبووم ئیمزای بکەم؟ ئێستا رقی دنیای لە من هەڵدەستێ.

سیناتۆر (دەست لەسەر شانی لیزێ دادەنێ): رۆڵە

بەستەزمانەکەم؛ ئەم هەڵوێستەی تۆ بە حاڵی کەس نەبێ.

لیزێ: چیم بەسەر هات! (روو لە بازنەکەی دەکا) هەموو خەتای تۆیە، هەی پیسی!

سیناتۆر: چۆن؟

لیزێ: هیچ. (بێدەنگییەك). ناخۆشییەکە لەوەدایە کە کابرای قولەڕەش هیچ تەعەددایەکی لێ نەکردووم.

سیناتۆر (گەشاوەتەوە): رۆڵەکەی خۆم..

لیزێ (بە غەمگینییەوە): خۆزگە تەعەددای لێ کردمایە، لەو کاتەدا من تەنیا ئازارێکی کەمم دەچەشت، بەڵام ئێوەومانان دڵتان زۆر زۆر خۆش دەبوو.

سیناتۆر: سوپاس. (بێدەنگییەك). چەند حەزم دەکرد یارمەتیتان بدەم. (بێدەنگییەك). بەڵام مخابن! راستی راستییە.

لیزێ (بە خەفەتەوە): ئێ چی بکەم!

سیناتۆر: راستییەکەش ئەوەیە کە قولەڕەش دەستی بۆ درێژ نەکردووی.

لیزێ (بە هەمان شێوە): ئێ چ بکەم؟

سیناتۆر: وایە (بێدەنگییەك) گرفتەکە لێرەدا کە ئەم راستییە پەیوەندیی بە راستییەکی گەورەترەوە هەیە.

لیزێ (بێ ئەوەی تێبگا): راستییەکی گەورەتر..

سیناتۆر: بەڵێ؛ مەبەستم ئەوەیە بڵێم راستییەك کە پەیوەندیی بە هەموو میللەتەوە هەیە.

لیزێ: میللەت؟ یەعنی ئەمەی من راستی نییە؟

سیناتۆر: با. با. راستییە. بەڵام راستییەکان چەندین جۆریان هەیە.

لیزێ: تۆ وا تێدەگەی کە قولەڕەشەکە تەعەددای لێکردووم؟

سیناتۆر: نا، نەخێر، تەعەددای لێنەکردووی. لە هەندێك رووەوە تەعەددای لێنەکردووی، بەڵام تۆ تەماشاکە، من پیاوێکی بەتەمەنم و دنیام زۆر

دیوەو زۆریش کەوتوومەتە هەڵەوە، بەڵام چەند ساڵێکە کەمتر دەکەومە هەڵەوە. من لەم بارەیەوە، بە تەواوەتی لەگەڵ راکەی تۆدا نیم.

لیزێ: رای من.. کام؟

سیناتۆر: چۆنت بۆ باس بکەم؟ بەڵێ. تۆ بێنە پێش چاوت، هەموو نەتەوەی ئەمریکا لەناکاو لە بەردەمت هەڵبستێتەوە. چیت پێ دەڵێ. دەزانی؟

لیزێ (زەندەقی چووە): من وا تێدەگەم هیچی نییە بە منی بڵێ.

سیناتۆر: جارێ پێم بڵێ تۆ شیووعیت؟

لیزێ: قوڕ بەسەرم. نەخێر.

سیناتۆر: کەواتە، نەتەوەی ئەمریکا زۆر شتی هەیە بە تۆی بڵێ. پێت دەڵێ: "لیزێ، تۆ کەوتوویتەتە حاڵەتێکەوە کە لە نێوان دوو لە رۆڵەکانی من یەکێکیان هەڵبژێریت. یەکێك لەوان دەبێ لەناو بچێ. لەو حاڵەتەدا ئینسان چ

دەکا؟ بێگومان باشترەکەیان هەڵدەبژێرێ. کەواتە ئێستا دەبێ سۆراغ بکەین کامەیان باشترەکەیە. وا نییە؟".

لیزێ: وایە. من زۆر حەز دەکەم. ئە .. ببوورە. وامدەزانی تۆی قسەم لەگەڵ دەکەی.

سیناتۆر: من بە ناوی نەتەوەی ئەمریکاوە قسەت لەگەڵ دەکەم (دەست پێدەکاتەوە) "لیزێ، باشە ئەم قولەڕەشەی تۆ بەرگریی لێدەکەی، بەکەڵکی چی دێ؟ خوا دەزانێ بە رێککەوت لە کوێ لەدایك بووە. من ئەوا بەخێویم کرد، بەڵام ئەو لە پاداشتی ئەمەدا چیی بە من دەبەخشێ؟ هیچ. خوێڕی خوێڕی بەملاو بەولادا دەسووڕێتەوەو گۆرانی دەڵێ‌و هەر دەزانێ کراسی سەوزو سوورم بۆ لەبەر بکا. راستە ئەویش کوڕی خۆمەو خۆشیم دەوێ، بەڵام من لێت دەپرسم: ئایا بەشەر ئاوها دەبێ.. ئاوها دەژی؟ ناوەڵا گوێم لەوە نییە تەنانەت بشمرێ".

لیزێ: چەند جوان قسە دەکەی، جەنابی سیناتۆر!

سیناتۆر (قسەی تری بەدەمەوە دەدا): با بێینە سەر کوڕەکەی دیکەم، تۆماس، کە تەواو لەگەڵ ئەو جیاوازە. هاتووە قولەڕەشێکی کوشتووە.. ئەمە کارێکی خراپە، بەڵام من زۆر پێویستیم بەو هەیە. جگە لەمەش تۆماس لە سەددا سەد ئەمریکییەو کوڕی یەکێك لە بنەماڵە دێرینەکانی ئێمەیە، خوێندنی خۆی لە زانکۆی هارڤارد تەواو کردووە، فەرمانبەرێکی گەورەیە — ئێمە پێویستیمان بە فەرمانبەر هەیە — دوو هەزار کرێکار بەهۆی کارگەکەی ئەوەوە دەژینو کار دەکەن. ئەگەر تۆماس نەبێ ئەم دوو هەزار کرێکارە بێکار دەمێننەوە. تۆماس سەرۆکیانە، بەربەستێکی پتەوە دژی کۆمۆنیزمو سەندیکالیزمو جوولەکە. ئەو دەبێ بژیو تۆش دەبێ ژیانی ئەو بپارێزیت. تەواو. ئێستاش خۆت بڕیار بدەو هەڵبژێرە.

لیزێ: چەند جوان قسە دەکەی.

سیناتۆر: یەکێکیان هەڵبژێرە!

لیزێ (دەڵێی تازە لە خەو هەڵساوە): ئمم! ئێ.. بەڵێ.. (بێدەنگییەك). تۆ هێڕوهوڕت کردم. نازانم هەر لە کوێشم.

سیناتۆر: سەیرم بکە! لیزێ، تۆ متمانەت بە من هەیە؟

لیزێ: بەڵێ، سیناتۆر.

سیناتۆر: قەت باوەڕ دەکەی من بێم داوات لێبکەم کارێکی هەڵە بکەی؟

لیزێ: نەخێر، سیناتۆر.

سیناتۆر: کەواتە ئیمزا بکە. هانێ پێنووسەکەم.

لیزێ: دڵی خۆش دەبێ بەم کارەی من؟

سیناتۆر: کێ؟

لیزێ: خوشکەکەت.

سیناتۆر: ئەو هێشتا هەر لە دوورەوە بەقەد خوشکەکەی خۆی تۆی خۆش دەوێ.

لیزێ: ئینجا لەوانەیە گوڵیشم بۆ بنێرێ؟

سیناتۆر: بێگومان لەوانەیە.

لیزێ: یان وێنەیەکی خۆی بە ئیمزاوە.

سیناتۆر: زۆر لەوانەیە.

لیزێ: ئینجا وێنەکەی بە دیوارەوە هەڵدەواسم.

(بێدەنگییەك. لیزێ هەنگاو دەنێتو شڵەژاوە). تووشی چی هاتم! (لیزێ دەگەڕێتەوە لای سیناتۆر). ئەگەر من ئیمزای بکەم، ئێوە چی لە قولەڕەشەکە دەکەن؟

سیناتۆر: قولەڕەش؟.. (شانەکانی لیزێ دەگرێ). ئەگەر ئیمزا بکەی، هەر هەموو شار دێ باوەشت پێدا دەکا. دڵی هەموو شار خۆش دەکەیتو هەرچی دایك هەن..

لیزێ: بەڵام.

سیناتۆر: بەڵام چی؟ تۆ وا تێدەگەی شارێك هەر هەمووی سەرچیخ چووە لە هەمبەر ئەم مەسەلەیەوە؟ شارێك بە خۆیو هەموو

مەتڕانو قەشەکانی خۆیەوە، بە هەموو پزیشكو پارێزەرو هونەرمەندەکانی خۆیەوە؟ تۆ وا دەزانی سەرۆکی شارەوانیو ئەندامەکانیو ڕێکخراوە خێرخوازەکانیش هەر بە سەهوو چوونە؟

لیزێ: نا. نەخێر. نا.

سیناتۆر: دەستت بێنە (هێزی خۆی بەکاردێنێ تا لیزێ ئیمزا بکات). تەواو. بە ناوی خوشکەکەمەوەو کوڕەکەیشی، سوپاست دەکەم. بە ناوی حەڤدە هەزار مرۆڤی سپی پێستی شارەکەمانەوە، بە ناوی نەتەوەی ئەمریکاوە کە من لێرە نوێنەریم. نێوچەوانت بێنە (نێوچەوانی ماچ دەکا) وەرن، ئێوە. (ڕوو دەکاتەوە لیزێ) ئەم ئێوارەیە لە خوانەکەدا دەتبینمەوە: قسەی دیکەمان هەیە بیکەین.

(سیناتۆر دەچێتە دەرەوە).

فرێد (دەچێتە دەرەوە): خواحافیز، لیزێ.

لیزێ: خوات لەگەڵ. (هەموویان دەچنە دەرێ. لیزێ داهێزراوە، پاشان بە پەلە رادەکاتـە لای دەرگا).

سیناتۆر! مـن نامـەوێ ئیـمزا بکـەم! کاغەزەکـە بدڕێنـە! سـیناتۆر! حـەز ناکـەم! ئـەو کاغـەزە بدڕێنە! سیناتۆر! (لیزێ دەگەڕێتەوە ژوورەوە. بێ ئەوەی بیەوێ دەست دەداتە گسکماکینەکە). نەتەوەی ئەمریکا! (لیـزێ نائومێـدە). وا بـزانم کڵاویان لەسەر نام.

(لیزێ بە تووڕەییەوە گسکماکینەکە دەخاتە گەڕ).

(پەردە)

تـابلۆی دووەم

هـەمان دیکـۆر. دووازدە کاتـژمێر دواتـر. گڵۆپـەکان داگیرسـاون، پەنجـەرەکان بەسـەر شـەودا کـراوەن. سەروسـەدای پیادەڕۆکـان دەبیـسترێ. لـە پەنجـەرەوە قولـەڕەش دەردەکـەوێ، بـە زەحمـەت سـەردەکەوێتە نـاو پەنجەرەکـەو خـۆی هەڵداوێتـە نـاو ژوورەکـەوە. دەگاتـە ناوەڕاستـی دیمـەنی سـەر شـانۆ. زەنگـی دەرگـا لێـدەدرێ. قولـەڕەش دەچـێ لـە پـشتەوەی پەردەیـەك خـۆی دەشـارێتەوە. لیـزێ لـەناو حەمامەکـەی دێتـە دەرەوە، بەرەو لای دەرگا دەچێتو دەیکاتەوە.

دیمەنی یەکەم

لیزێ، سینـاتۆر، قولەڕەش کە خۆی شاردۆتەوە

لیزێ: فەرموو. (سیناتۆر دێتە ژوورەوە). ئا.. دەی!

سیناتۆر: تۆماس بە ئامێزی دایکی خـۆی شـاد بـۆوە. هاتووم سوپاسی ئەوانت پێبگەیەنم.

لیزێ: دڵی خۆشە، دایکەکەی؟

سیناتۆر: دڵی هەر یەکجار خۆشە.

لیزێ: دەگریا؟

سیناتۆر: بگریەت، بۆ؟ ئەو ژنێکی زۆر بەهێزە.

لیزێ: تۆ بە منت گوت کە دەگریا.

سیناتۆر: قسە بوو.

لیزێ: چاوەڕێی ئەوەی نەدەکرد، ها؟ ئەو وایدەزانی کە من ژنێکی خراپمو دەچم لە بەرژەوەندیی قولەڕەشەکەدا شایەدی دەدەم؟

سیناتۆر: ئەم مەسەلەیە، لای ئەو، بە دەست خوا بوو.

لیزێ: رای چییە بەرامبەر من؟

سیناتۆر: سوپاست دەکا.

لیزێ: هیچ نەیپرسی کە من ئافرەتێکی چۆنم؟

سیناتۆر: نەخێر.

لیزێ: هیچ باسی ئەوەی نەکرد کە من ئافرەتێکی دلۆڤانم.

سیناتۆر: ئەو دەزانێ کە تۆ ئەرکی خۆتت جێبەجێ

کردووە.

لیزێ: بەڵێ..

سیناتۆر: ئومێدەواریشە کە بەردەوام بیت..

لیزێ: بەڵێ، بەڵێ..

سیناتۆر: تەماشاکە، لیزێ. (شانی دەگرێ). تۆ بەردەوام دەبیت لەسەر ئەرکو ئەمەکی خۆت، وا نییە؟ ئەم دایکەمان بێ ئومێد ناکەیت؟

لیزێ: خۆت سەغڵەت مەکە. تاقەتم نییە چیتر بێمەوە سەر ئەو شتانەی باسمان کرد، ئەگینا دێن دەمگرنو دەمهاوێنە حەپسخانەوە. (بێدەنگییەك). ئەرێ ئەو هەرایە چییە لە دەرەوە؟

سیناتۆر: چ نییە.

لیزێ: ناتوانم گوێم لەم هەموو هاتوهاوارە بێ. (دەچێ پەنجەرەکە دادەخا). سیناتۆر!

سیناتۆر: رۆڵەکەم!

لیزێ: تۆ دڵنیای کە ئێمە لەو کارەی کردمان

سەرچیخ نەچووینەو من راست بووم لەوەی
کردم؟

سیناتۆر: بە دڵنیاییەوە.

لیزێ: من خۆ بۆ خۆم سەر لەم جۆرە شتانە
دەرناکەم. تۆش سەرسامت کردم؛ زۆر بە پەلە
پەل قسەت بۆم دەکرد. سەعات چەندە؟

سیناتۆر: یانزە.

لیزێ: هێشتا هەشت سەعاتی ماوە رۆژ بێتەوە.
هەست دەکەم ئەمشەو نەتوانم بنووم.
(بێدەنگییەك). شەوان دنیا بەقەد رۆژ گەرمە.
(بێدەنگییەك). ئەدی ئەو قولەڕەشە؟

سیناتۆر: کام قولەڕەش؟ ئا. ئێ. هەر بە دوایدا
دەگەڕێن.

لیزێ: بیگرن چیی لێدەکەن؟ (سیناتۆر شان
هەڵدەتەکێنێ. هاتوهاوارەکە بەرزتر دەبێتەوە.
لیزێ رووەو پەنجەرەکە دەڕوا). باشە ئەم
هەرایە چییە؟ کۆمەڵێك پیاو سەگیان پێیەو

دەست بە بلاجکتۆرەوە تێدەپەڕن. ئەم ناوە
بۆتە چراخان. یان شتێك قەوماوە.. پێم بڵێ
سیناتۆر، چییە ئەمە؟ پێم بڵێ چی قەوماوە؟

سیناتۆر (نامەیەك لە بەرکی خۆی دەردێنێ):
خوشکم داوای لێکردم ئەمەت بدەمێ.

لیزێ (دەگەشێتەوە): نامەی بۆ نووسیوم؟ (زەرفی
نامەکە هەڵدەپچڕێنێ. سەد دۆلارییەك
دەردەهێنێ. دەگەڕێ بەدوای نامەیەك،
نایدۆزێتەوە. زەرفی نامەکە لەناو چنگی
خۆیەوە توور هەڵدەداتە سەر ئەرزەکە. دەنگی
دەگۆڕێ). سەد دۆلار. ئێوە دەبێ دڵتان زۆر
خۆش ببێ، چونکە کوڕەکەتان بەڵێنی پێنج
سەد دۆلاری بە من دابوو. پاشەکەوتێکی باش
بۆ خۆتان دەکەن.

سیناتۆر: رۆڵە گیان.

لیزێ: ئێوە سوپاسی خوشکە خانمی خۆتان بکەن.
پێیان بڵێ کە من وام بە باشتر دەزانی

دیارییەکی بچکۆلە، یان جووتە گۆرەوییەك، هەرچی شتێکی خۆی هەڵیبژاردایە، بۆی ناردبام. خۆت دەزانی ئەم جۆرە دیارییانە دڵی مرۆ خۆشتر دەکەن. (بێدەنگییەك). ئێوە باش کڵاوتان لەسەر من نا.

(تەماشای یەکتر دەکەن. سیناتۆر نزیکی دەکەوێتەوە).

سیناتۆر: سوپاست دەکەم، رۆڵەکەم. پاشان منو تۆ پێکەوە خۆمو خۆت هەندێ قسە لەگەڵ یەکتر دەکەین. دۆخی دەروونیی تۆ زۆر باش نییە، پێویستیت بە پشتیوانیی من هەیە.

لیزێ: من تەنیا پێویستیم بە پارە هەیە، بەڵام وا بزانم دەتوانم ئەمەش چارەسەر بکەم، ئەمەش بە هیممەتی تۆ. (بێدەنگییەك). تاکو ئەمڕۆ، من پیاوی بەتەمەنم بە باشتر دەزانی، چونکە بەڕێزترن. بەڵام خەریکە لە خۆم دەپرسم: ئاخۆ ئەوانیش لە گەنجەکان قرچۆکتر نین؟

سیناتۆر: قرچۆك؟ چەند حەزم دەکرد هاوکارەکانی من ئەم قسەیەی تۆیان گوێ لێ بووایە. سروشتێکی چەند خۆشت هەیە! شتێك لە شەخسیەتی تۆدا هەیە کە فەوزای ژیان هێشتا دەستی پێی نەگەیشتووە. (دەیلاوێنێتەوە). بەڵێ. ئا. شتێك.

(لیزێ بێ ئەوەی سەغڵەتی بکاتو خۆی لە دەستی راپسکێنێ، وازی لێهێناوە دەست بە سەریدا بهێنێ).

سیناتۆر: ئێستا دەگەڕێمەوە، بە دوامدا مەیە.

(سیناتۆر دەچێتە دەرێ. لیزێ لە جێگەی خۆی وشك دەمێنێتەوە. پارچەی سەد دۆلارییەکە لەناو چنگی خۆیدا هەڵدەپشێوێو پاشانفڕێی دەداتە سەر زەوییەکە. ئینجا دەکەوێتە سەر کورسییەكو دەداتە پڕمەی گریان. لە دەرەوەش، هاتوهاوارەکە نزیك دەکەوێتەوە. دەنگی تەقە لە دوورەوە دێ. قولەڕەشەکە لە پشت پەردەکەوە دێتە دەرێ. لە بەردەم لیزێ رادەوەستێ. لیزێ سەر بەرز دەکاتەوەو دەقیژێنێ).

دیمەنی دووەم

لیزیّو قولەڕەش

لیزیّ: ها! (بێدەنگییەك. هەڵدەستێتەوە). دەمزانی دێیتەوە. دڵنیا بووم. تۆ لە کوێوە هاتیتە ژوورەوە؟

قولەڕەش: لە پەنجەرەکەوە.

لیزیّ: چیت دەویّ؟

قولەڕەش: بمشارەوە.

لیزیّ: پێم گوتی "نا".

قولەڕەش: گوێت لێیانە، خانم؟

لیزیّ: بەڵێ.

قولەڕەش: دەستیان کردۆتەوە بە ڕاوکردن.

لیزیّ: ڕاوی چی؟

قولەڕەش: قولەڕەشان ڕاودەکەن.

لیزیّ: ئەھ! (ماوەیەك بێدەنگی). تۆ دڵنیای کە تۆیان نەبینیوە کاتیّ هاتیتە ژوورەوە؟

قولەڕەش: دڵنیام.

لیزیّ: بتگرن، چیت لێدەکەن؟

قولەڕەش: بەنزین.

لیزیّ: چی؟

قولەڕەش: بەنزین. (بە دەست ئاماژەی بۆ دەکاتو بۆی ڕوون دەکاتەوە). بەنزینم پێدا دەکەنو دەمسووتێنن.

لیزیّ: تێگەیشتم. (بەرەو پەنجەرەکە دەڕواتو پەردەکان دادەداتەوە). دانیشە. (قولەڕەش ماندوو خۆی داوێتە سەر کورسییەكو دادەنیشیّ). باشە دەبووایە هەر بێیتەوە لای من؟ ئەم گرفتە لە کۆڵ من نابێتەوە. (لیزیّ هێندەی نەماوە هەڕەشەی لێبکا). تۆ خۆت دەزانی من زەندەقم لە شەڕوشۆڕ دەچیّ. (پیّ دەکوتێتە سەر ئەرزەکە). هەترەشم لە شەڕ دەچیّ. دەترسێم.

قولەڕەش: ئەمانە وا دەزانن کە من ئەزیەتی تۆم داوە، خانم.

لیزێ: ئێ؟

قولەڕەش: نایەن لێرە بە دوای مندا بگەڕێن.

لیزێ: تۆ دەزانی بۆچی دەیانەوێ "راوت" بکەن؟

قولەڕەش: چونکە وا تێدەگەن من دەستدرێژیم کردۆتە سەر ئێوە.

لیزێ: تۆ دەزانی کێ وای تێگەیاندوون؟

قولەڕەش: نەخێر.

لیزێ: من بووم. (بێدەنگییەکی زۆر. قولەڕەش هەر تەماشای دەکا). چۆنی تێدەگەی؟

قولەڕەش: بۆچی ئاوهات پێگوتن، خانم؟ توخوا، بۆ؟

لیزێ: منیش لە خۆم دەپرسم: بۆ؟

قولەڕەش: ئیدی تەواو هیچ بەزەییەکیان بە مندا نایەتەوە، دەکەونە سەر لاشەم، بەنزینم پێدا دەکەنو دەمسووتێنن. ئۆف. ئێ باشە خۆ من هیچم لێت نەکردبوو. بۆچی ئاوهاتان لێکردم، توخوا؟

لیزێ: ئۆف! با. تۆ دەستدرێژیت کردۆتە سەرم. تۆ نازانیت چ دەستدرێژییەکت کردۆتە سەرم. (بێدەنگییەك). لەمە زیاتر دەتەوێ بشمخنکێنی؟

قولەڕەش: ئەمانە عادەتیانە وا لە خەڵك دەکەن پێچەوانەی بیرکردنەوەی خۆی قسە بکات.

لیزێ: وایە. زۆربەی جار. کاتێ ناشتوانن هێز بەکار بهێنن، دێن بە فرتوفێڵ گێژوویێژت دەکەن. (بێدەنگییەك). ئێ؟ دەی.. نایەی بمخنکێنی؟ تۆ پیاوێکی باشیش دیاری. (بێدەنگییەك). بزانە، تا سبەی ئێوارە لێرە لەلای خۆمت دەشارمەوە. (قولەڕەش جووڵەیەك دەکا) دەستم لێمەدە: من خەڵکی قولەڕەشم خۆش ناوێ. (لە دوورەوە دەنگی گوللەو هاتوهاوارە). خەریکن نزیکتر دەکەونەوە. (لیزێ بەرەو پەنجەرەکە دەچێ. پەردەکان باش دادەخاتو تەماشایەکی شەقامەکە دەکا). تەواو. رێکەوتینو بڕایەوە.

قولەڕەش: خەریکن چی دەکەن؟

لیزێ: ئەمسەرو ئەوسەری کۆڵانەکەیان بە پاسەوان گرتووەو سەرجەم ماڵەکان دەپشکنن. تۆ هەقت بووە رووت کردۆتەوە ماڵی من. بەڵام لەناو جاددەکەوە حەتمەن کەسێك تۆی هەر بینیوە کاتێ بە پەنجەرەکەمدا هەڵگەڕاوی. (لیزێ دیسان دەڕوانێتەوە ناو شەقامەکە). ئەمەتا. وا ریزەکە گەیشتە ئێمە. وا بەرەو ئێرە دێن، سەردەکەون.

قولەڕەش: چەند کەسن؟

لیزێ: پێنج شەشێکن. ئەوانی دیکە لە خوارەوە دەمێننەوە. (دەگەڕێتەوە لای قولەڕەش). زەندەقت نەچێ، مەلەرزە. خوایە! (بێدەنگییەك. رووەو بازنەکەی) هەی ماری نەفرەتلێکراو! (فڕێی دەداتە سەر زەوییەکەو دەیپلیشێنێتەوە). هیچوپووچ! (رووەو قولەڕەش) تۆ پێویست بوو بێیتە ئێرە؟

(قولەڕەش هەڵدەستێتەوەو دەیەوێ رابکا).

لیزێ: دانیشەوە. هەر لە جێگەی خۆت بجووڵێی، ئیشت دەقە!

قولەڕەش: ویستم غاردەمە سەر دەندەی بنمیچەکانەوە.

لیزێ: بەم مانگەشەوە؟ ئەگەر دەست لە گیانی خۆت هەڵدەگریت، بڕۆ! (بێدەنگییەك). با چاوەڕێ بکەین. هێشتا دوو قاتیان ماوە بگەنە ئێمە. پێم وتی ئەوەندە هەڵمەلەرزە لە ترسان. (بێدەنگییەکی زۆر. لیزێ بە درێژیو پانیی ژوورەکە دێتو دەچێ. قولەڕەش پلیشاوەتەوە لەسەر کورسییەکەی خۆیدا). تۆ هیچ چەکت پێ نییە؟

قولەڕەش: نا، نەخێر.

لیزێ: باش.

(لیزێ لە ناو چەکمەجەکەیەوە دەمانچەیەك دەردەهێنێ).

قولەڕەش: دەتەوێ چی بکەی، خانم؟

لیزێ: دەرگایان لێدەکەمەوەو تکایان لێدەکەم بێنە ژوورەوە. ئەمەتا، بیست‌و پێنج ساڵە، بە خۆیان‌و دایکە سەرسپی‌و قارەمانەکانی جەنگ‌و نەتەوەی ئەمریکاوە، دایکی خێوی منیان سووتاندووە. بەڵام تازە تێگەیشتم، ئەم تەڵەکەبازییەیان لەگەڵ من بۆ ناچێتە سەر. دەرگاکەیان لێدەکەمەوەو پێیان دەڵێم: "ئەمەتا لێرەیە. لێرەیە بەڵام هیچ شتێکی نەکردووە؛ زۆریان لێکردم کە شایەدی بە درۆ بدەم. من سوێند بە خودا دەخۆم کە هیچ هەڵەیەکی بەرامبەر من نەکردووە".

قولەڕەش: ئەمانە باوەڕت پێناکەن.

لیزێ: با باوەڕم پێنەکەن. ئەگەر باوەڕیان پێنەکردم، تۆش پیاو بە بەم دەمانچەیە بیاندەرە بەر گوللە. ئەگەر هەر نەڕۆیشتن، هەر هەموو فیشەکەکانیان پێ بەتاڵ کە!

قولەڕەش: هی دیکە دێن.

لیزێ: ئەوانیش هەر بدەرە بەر گوللە. بە تایبەتیش ئەگەر کوڕی سیناتۆرت کەوتە بەرچاو، هەوڵ بدە ئەوت لەکیس نەچێ، چونکە ئەو ئەم هەموو بەزمەی ناوەتەوە. ئێمە تازە تێگلاوین. وا نییە؟ هەرچۆنێ بێ، ئەمە ئاخرین بەزمە بەسەر ئێمە دێ. چونکە، با پێت بڵێم، ئەگەر تۆ لای من بدۆزنەوە، ئەوا پێستی منیش دەبەنە دەباغخانە. کەواتە ئێستا با هەندێکیان لەتوپەت بکەین‌و پێکەوە بمرین. (لیزێ دەمانچەکەی دەداتێ). هانێ، بیگرە! پێت دەڵێم بیگرە دەست!

قولەڕەش: ناتوانم، خانمەکەم. ناتوانم.

لیزێ: چی؟ ناتوانی چی بکەی؟

قولەڕەش: ناتوانم هیچ سپی پێستێك بکوژم.

لیزێ: بە راست؟ بەڵام ئەوان خۆیان رێگە بە خۆیان دەدەن تۆ بکوژن.

قولەڕەش: ئاخر ئەوان سپی پێستن، خانم.

لیزێ: ئێ؟ سەبارەت بەوەی سپی پێستن، مافی ئەوەشیان هەیە بێن تۆ وەك بەرازێك بکوژن؟

قولەڕەش: ئەوان، چونکە، سپی پێستن.

لیزێ: بەدبەخت! دەزانی، تۆش عەینەن من وای، وەکو من گەمژەی.

قولەڕەش: بۆچی تۆ خۆت تەقەیان لێناکەی؟

لیزێ: من پێم وتی کە منیش وەکو تۆ بێ عەقڵم. (گوێمان لە دەنگی پێ دەبێ لەسەر قاڵدرمەکانەوە). ئەمەتا خەریکن دەگەن. (دەنگی پێکەنین دێ). دڵیشیان خۆشە. (بێدەنگییەك). راکە ناو توالێتەکەو جووڵە لە خۆت ببڕە! دەنگی هەناسەشت نەیە.

(قولەڕەش بە گوێی دەکا. لیزێ چاوەڕێیە. لە دەرگا دەدرێ. لیزێ نوێژێك لەسەر سنگی خۆی دەکا. بازنەکەی هەڵدەگرێتەوەو دەچێ دەرگا بکاتەوە. چەند پیاوێکی چەکدار دەردەکەون).

دیمەنی سێیەم

لیزێ، سێ پیاوە چەکدارەکە

چەکداری یەکەم: ئێمە بەدوای قولەڕەشەکەدا دەگەڕێین.

لیزێ: کام قولەڕەش؟

چەکداری یەکەم: ئەو قولەڕەشەی لەناو شەمەندەفەرەکە تەعەددای لە ژنێك کردبوو، ئینجاش نەوەی جەنابی سیناتۆریشی بە مووس بریندار کردبوو.

لیزێ: خوا عەقڵێکتان بداتێ پێی بەڕێوە بچن. ئێوە چۆن هاتوون ماڵی من دەپشکنن. (بێدەنگییەك) ئێمە من ناناسن؟

چەکداری دووەم: با. با. با. من جەنابتم بینی پێرێ کە لە شەمەندەفەرەکەوە دابەزینە خوارەوە.

لیزێ: تەواو. چونکە من ئەو ژنە بووم کە قولەڕەش تەعەددای لێم کردبوو. ئێستا حاڵی بوون؟

(پیاوە چەکدارەکان لەناو خۆیان دەکەونە پستەپستو گەمژانە تەماشای یەکتر دەکەن. مۆڕەیەك دەکەن‌و وردە وردە دەکشێنەوە).

ئەگەر بێتە ئێرە، من بەم دەمانچەیە مێشکی دەپژێنم.

چەکدارێك: ئێوە حەز ناکەن بیبینن بە پەتی سێدارەوە؟

لیزێ: هەر وەختێك دۆزیتانەوە، ئاگام بکەنەوە!

چەکدارێك: هێندەی نەماوە بیگرین، شیرینەکەی ئێمە. چونکە دەزانین هەر لەناو ئەم کۆڵانە خۆی شاردۆتەوە.

لیزێ: سەرکەوتوون.

(چەکدارەکان دەچنە دەرەوە. لیزێ دەرگاکە دادەخا. دەمانچەکە دادەنێتە سەر مێزەکە).

دیمەنی چوارەم

لیزێ، ئینجا قولەڕەش

لیزێ: ئێستا دەتوانی بێیتە دەرەوە. (قولەڕەش دێتە دەرەوە. دەکەوێتە سەر قاچەکانی لیزێو دامێنی رۆبەکەی ماچ دەکا). من پێم گوتی کە دەستم لێنەدەی. (لیزێ تەماشای دەکا). تۆ، سەرەڕای هەموو شتێك، دەبێ پیاوێکی زۆر ناوێزەش بیت، کە شارێکت ئاوها بە خۆتەوە مەژغوول کردووە!

قولەڕەش: من هیچم نەکردووە، خانم، خۆتان باش دەزانن.

لیزێ: ئەوان دەڵێن: "قولەڕەش هەمیشە شتێکی هەر کردووە".

قولەڕەش: هەرگیز، هیچ شتێکی خراپم نەکردووە. هەرگیز. هەرگیز.

لیزێ (دەست بە نێوچەوانی خۆیدا دەهێنێ): چەند

سەر دێنمو دەبەم، لە هیچ تێناگەم. (بێدەنگییەك). ناکرێ شارێك سەرتاپای بە سەهوو چووبن. (بێدەنگییەك). گوو بەم وەزعە. هیچی لێتێناگەم.

قولەڕەش: ئاوهایە خانم، هەمیشە لەگەڵ ئەمانە، ئاوهات بەسەر دێ.

لیزێ: تۆش، تۆش هەست دەکەی کە بە راستی لەوانەیە شتێکت کردبێ؟

قولەڕەش: بەڵێ، خانم.

لیزێ: هیچیشت نەکردووە؟

قولەڕەش: بەڵێ، خانم.

لیزێ: باشە بەڵام بۆچی ئەمانە وا هەست دەکەن کە خۆیان لەسەر هەقنو پێویستە هەمیشە لای ئەوان بگیرێی؟

قولەڕەش: چونکە سپی پێستن.

لیزێ: ئێ خۆ منیش سپی پێستم. (بێدەنگییەك. دەنگەدەنگی هەنگاونان لە دەرەوە). وا

دادەبەزنە خوارەوە. (لیزێ بێ ئەوەی بیەوێ خۆی لە قولەڕەش نزیك دەکاتەوە. ئەویش لە ترسان هەڵدەلەرزێ، بەڵام دەست دەکاتە ملی لیزاوە. دەنگی هەنگاوەکان وردەوردە کەم دەبێتەوە. بێدەنگی). (لیزێ لەناکاو لێی دوور دەکەوێتەوە). ئەمەتا، دەبینی! چەند تەنیاو بێکەسین! ئێمە عەینەن دوو هەتیو واین. (لە زەنگی دەرگاکە دەدرێ. بێدەنگ گوێ هەڵدەخەن. دیسان زەنگ). راکە ناو توالێتەکەوە! (لە دەرگا دەدرێ. قولەڕەش خۆی دەشارێتەوە. لیزێ دەچێ دەرگا بکاتەوە).

دیمەنی پێنجەم

فرێد، لیزێ

لیزێ: تۆ شێت بووی؟ بۆچی ئاوها لە دەرگا دەدەی؟ نا. ناهێڵم بێیتە ژوورەوە. ئەوەی بەسەرت هێناوم، بەسمە ئیتر. لاچۆ، دەفن بە، هەی نەگریس! بڕۆ! وەل بە! (فرێد پاڵی پێوە دەنێ. دەرگاکە دادەخاتەوەو هەردوو شانەکانی دەگرێ. بێدەنگییەکی زۆر). ئێ؟!

فرێد: تۆ ئیبلیسی!

لیزێ: دەتویست دەرگاکەم بشکێنیتو بێی ئاوهام پێ بڵێی؟ سەیر، ئەم چڕوچاوە. تۆ لە کوێ هاتوویتەتە دەر بەس پێم بڵێ.

فرێد: قولەڕەشێکیان دەسگیر کردووە، بەلام ئەو نەبووە. کەچی هەر لە سێدارەشیان داوە.

لیزێ: چیی تر؟

فرێد: منیش هەر لەگەڵیان بووم.

(لیزێ فیتەیەك لێدەدا).

لیزێ: بڕاڤۆ. (بێدەنگییەك). هەزار ئافەرین بۆ تۆ کە هێندە چێژ لەمە دەبینی قولەڕەش بە دارەوە هەڵبواسرێن!

فرێد: حەزم چۆتەوە تۆ.

لیزێ: چی؟

فرێد: تۆ ئیبلیسی. تۆ جادووت لە من کردووە. لەناو خەڵکەکە، دەست بە دەمانچەوە، تەماشای قولەڕەشەکەم دەکرد بە پەتی سێدارەوە؛ لەناکاو تۆم بیرکەوتەوەو حەزم چووە تۆ. ئەمە هیچ شتێکی سروشتی نییە، زۆر سەیرە.

لیزێ: وازم لێبێنە. پێت دەڵێم وازم لێبێنە!

فرێد: پێم بڵێ بزانم هۆی ئەمە چییە؟ تۆ چیت لە من کردووە هەی جادووگەر؟ من تەماشای قولەڕەشەکەم دەکرد، کەچی تۆم دیت بە دارەکەوە بەسترابوویتەوەو لەناو ئاگرەکەدا دەلەنگایتەوە. چەند گوللەیەکیشم تێی گرت.

لیزێ: چەپەڵ. بەرمدە. وازم لێبێنە. تۆ پیاوکوژیت.

فرێـد: تـۆ چـیت لێکـردووم؟ چـۆن ددانـەکانم بـە پدوومـــەوە نووســـاون. تـــۆش ئاوهـــا خـــۆت چەقاندۆتە نـاو منـەوە. هەمیـشە زگت دێتـەوە پێش چاوم، ئـەو زگـە پیـسەت کـە دەڵێـی زگـی سـەگە. هەسـت بـە گـەرماییت دەکـەم لـەناو دەسـتەکانی خۆمـدا. بۆنـت لـە کەللـەم ناچـێتە دەرەوە. لەوێڕا هەر بە راکردن بۆ لای تۆ هـاتم، نازانم بـۆ ئـەوە بـوو کـە بـێم بتکوژم یـان بـێم بتخەمـە ژێـر خۆمـەوە بـەزۆر. ئێـستا، دەزانم. (فرێد لەناکاو بـەرەڵای دەکا). نـاتوانم لـەپێناو سۆزانییەك خـۆم بخەمـە حەپـسخانەوە. (فرێـد دەگەڕێتەوە لای). ئەوەی ئەم بەیانییە بە منـت گوت، بە راستت بوو؟

لیزێ: چیم بە تۆ گوت؟

فرێد: دەتگوت کە دڵت بە من دەکرێتەوە؟

لیزێ: وازم لێبێنە!

فرێد: توخوا پێم بڵێ بە راسـتت بـوو! قەسـەمم بـۆ بخۆ، بە راستت بوو؟ (فرێد: دەستی بادەدا. لـەو کاتـــەدا لـــە توالێتەکـــەوە دەنگـــەدەنگێك دێ).

چـییە ئـەوە؟ (گـوێ هەڵـدەخا). دەڵێـی کەسـێك لێرەیە.

لیزێ: ئەوە تۆ شێت بووی؟ کەسی لـێ نییە.

فرێـــد: بـــا. کەســـێك لـــەناو توالێتەکەیـــە. (بـــەرەو توالێتەکە دەڕوا).

لیزێ: مەچۆرە ژوورەوە.

فرێد: تۆ باش دەزانی کە کەسێك لەوێیە.

لیزێ: مشتەریی منە. پیاوێکە کە پارەی خـۆی دەدا. تەواو؟

فرێـد: مـشتەری؟ تـۆ لەمـەودوا هـیچ مـشتەرییەکت نامێنـێ. تـۆ لەمـەودوا تـەنیا بـۆ مـن دەبیـتو بـەس. (بێدەنگییـەك). دەمـەوێ سـەروکەللەی ئـەو مـشتەرییەت ببیـنم. (هـاوار دەکـا) وەرە دەرەوە لەوێ!

لیزێ (هاوار دەکا): نەیەیتە دەرەوە. ئەمە تەڵەیە.

فرێد: هەی سۆزانیی پیسی.

(بــە توندییــەوە لیــزێ دەخاتــە لاوەو دەرگــای توالێتەکە دەخاتە سەرپشت. قولەڕەش دێتە دەرەوە).

فرێد: ئەمە بوو موشتەرییەکەت؟

لیزێ: شاردبوومەوە چونکە دەیانویست ئەزیەتی بدەن. نەیکوژی، تۆ خۆت باش دەزانی کە ئەو هیچ تاوانێکی نییە. (فرێد دەمانچەکەی سوار دەکا. قولەڕەش تەکانێك دەداو دێتە دەرەوە. فرێد بەدوایدا رادەکا. لیزێ بەدوایاندا تا دەمی دەرگای چوونەدەرەوە دەڕواو پاشان دەست دەکاتە گریان). بێتاوانە. هیچ خەتایەکی نییە! (دەنگی دوو گوللە دێ. لیزێ دەگەڕێتەوە ناو ژوورەکەی، دەموچاوی زۆر گرژ. بەرەو لای مێزەکە دەڕوا، دەست دەداتە دەمانچەکەی. فرێد دەگەڕێتەوە. لیزێ روو دەکاتە فرێد، پشتی لە بینەرە، دەمانچەکەی لە پشت خۆی شاردۆتەوە. فرێد دەمانچەی خۆی لەسەر مێزەکە فڕێ دەدا). چی بوو، دۆزیتەوە؟ (فرێد وەڵام ناداتەوە). باش. ئینجا ئێستا نۆرەی تۆیە. (لیزێ رووی دەمانچەکەی لە فرێد دەکا).

فرێد: لیزێ، رەحم بە دایکم بکە!

لیزێ: دەمت داخە. ئەم گاڵتەیەتان پێشتر پێکردووم.

فرێد (بە ئاستەم بەرەو لای لیزێ دەڕوا): کلارکی یەکەم، سەرۆك بنەماڵەی ئێمە، بە تاقی تەنیا یەك دارستانی ئاوەدان کردۆتەوە؛ شازدە لە هیندییەکانی بە دەستی خۆی لەناو برد پێش ئەوەی شەهید ببێ. کوڕەکەیشی، دەتوانم بڵێم، سەرجەم ئەم شارە، ئەو بوو دایمەزراندو ئاوەدانی کردەوەو بۆ خۆیشی چوو لەپێناو سەربەخۆیی ئەمریکا لە نیوویۆرك گیانی خۆی فیدا کرد. باوکی باپیریشم سەرۆکی ڤیگیلانتەکان بوو لە سان فرانسیسکۆ، بیستو دوو کەسی لە کاتی ئاگر کەوتنەوەکەدا رزگار کردبوو. باپیریشم هات لێرە بژی، ئاوی (مسیسپی)ی راکێشا بۆ ئێرەو کردیانە پارێزگاری ئێرە. باوکم سیناتۆرە، منیش لە دوای ئەو جێی دەگرمەوەو دەبمە سیناتۆر. من تاقانە کوڕی ئەوەمو دوایین کلارکی بنەماڵەکەم. ئێمە بووین ئەم ناوچەیەمان ئاوەدان کردەوەو مێژووی ئێرە مێژووی بنەماڵەکەی ئێمەیە. ئەندامانی بنەماڵەکەی ئێمە لە ئالاسکاو

فیلیپین‌و مەکسیکی تازەش هەر هەن. تۆ جۆرئەت دەکەی گوللە بە هەموو ئەمریکاوە بنێی؟!

لیزێ: هەر بجوولێیتەوە، مێشکت دەپژێنم.

فرێد: لێم دە! دەی دەستی پیا بنێ! دەبینی! ناتوانی! کچێکی وەکو تۆ ناتوانێت پیاوێکی وەکو من بکوژێت. تۆ کێی؟ تۆ چ کارەی لەسەر ئەم دنیایە؟ تۆ تەنیا تا باپیرەی خۆت دەناسی، بەڵام من.. من دەبێ بژیم، هەزار شت هەن دەبێ ئەنجامیان بدەم‌و چاوەڕێم دەکەن. ئەم دەمانچەیەتم بدەرێ! (لیزێ دەمانچەکەی دەداتێ، فرێد دەیخاتە ناو باخەڵی). قولەڕەش زۆر خێرا رایدەکرد، لە دەستم قوتار بوو. (بێدەنگییەك. فرێد دەستەکانی خۆی ئاوێزانی لیزێ دەکا). لەمەودوا، ماڵی تۆ لەسەر گردەکە دەبێ، لەوبەر رووبارەکە، خانوویەکی خۆش‌و چیمەنێکی گەورە. بۆ خۆت لەناو ئەو چیمەنە پیاسە بکە، بەڵام ناهێڵم هەرگیز بچیتە دەرەوە، غیرەت لێدەکەم. هەفتەی سێ جار دێم

دەتبینم، هەر کە شەو دادێ، سێ شەمموان‌و پێنج شەمموان‌و کۆتایی هەفتان. چەند قولەڕەشێك دەبنە خزمەتکارت‌و هێندەش پارەت لە بەردەستدا دەبێ کە بە خەنیش نەتدیوە. بەڵام دەبێ چاوپۆشی لەو شتانە بکەی کە وڕکیان لێدەگرم. دەشمبێ.

(لیزێ کەم کەم ئارام دەبێتەوەو دەچێتە باوەشی).

فرێد: ئەمە راستە کە تۆ دڵت بە من دەکرایەوە؟ بە راستت بوو؟

لیزێ: بەڵێ، بە راستم بوو.

فرێد (دەستێکی پیادەهێنێ): زۆر باشە. ئێستا هەموو شتێك کەوتەوە سەر دۆخی خۆی. (بێدەنگییەك). من ناوم فرێدە.

(پەردە)

کتێبە چاپکراوەکانی دیکەی وەرگێڕ:

١) ماڵئاوا ئەی وڵاتەکەم، شانۆنامە، بڵاوکراوەی یەکیەتیی نووسەرانی کوردستان – شاخ، ١٩٨٤.

٢) بەیانی باش ئەی غەریبی، شانۆنامە، بنکەی یەکگرتن لە کۆپنهاگن، ١٩٨٨.

٣) ئیگزیل Exile شیعر، بڵاوکراوەی ئەنستیتووی کورد لە پاریس، پاریس، ١٩٩٢.

٤) ژمارەکانی گۆڤاری کوردستان (ئەستەمبول، ١٩١٩)، دەزگای گوڵان، هەولێر، ١٩٩٨.

٥) رۆژنامەگەریی کوردی بە زمانی فەرەنسی، سەنتەری برایەتی، هەولێر، ١٩٩٨، (چاپی٢، دەزگای خەندان، سلێمانی، ٢٠٠٦).

٦) سەرچاوەکانی کوردناسی، بنکەی گەلاوێژ، سلێمانی، ١٩٩٨.

٧) زێڕی ناو زبڵ، تۆژینەوەو تێکستی وەرگێڕدراوی کوردۆلۆژی، دەزگای سەردەم، سلێمانی، ١٩٩٩.

٨) ئینجیل لە مێژووی ئەدەبیاتی کوردیدا، دهۆك، ١٩٩٩. (چاپی دووەم بە کرمانجیی ژووروو، دهۆك، ١٩٩٩).

٩) وێنەی کورد لە ئەرشیفی کوردناسەکاندا، بنکەی وێران، هەولێر، ١٩٩٩.

١٠) جوایەز، شیعر (بە هاوبەشی شاعیرانی دیکەی هەولێر)، دەزگای ئاراس، ١٩٩٩.

١١) سپیاتییەکانی ناو رەش، شیعر، بنکەی وێران، هەولێر، ١٩٩٩.

١٢) دراسات في تاريخ الكورد، ترجمة: ترزه جاف، رابطة كاوا، بيروت، ١٩٩٩.

١٣) مەلا مەحموودی بایەزیدی، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٠.

١٤) رۆژنامەی کوردستان (١٨٩٨)، بە هاوبەشی بنکەی گەلاوێژ، سلێمانی، ٢٠٠٠.

١٥) پەتاتەخۆرەکان، کۆمەڵە چیرۆك، هەولێر، ٢٠٠٠. (چاپی٢، بنکەی هاڤیبوون، بەرلین، ٢٠٠٢؛ چاپی٣، هاموون، سلێمانی، ٢٠٠٥).

١٦) مێژووی شانۆ لە ئەدەبیاتی کوردیدا، دەزگای ئاراس، ٢٠٠١.

١٧) مولازم تەحسینو شتی تریش، نۆڤلێت، بنکەی گەلاوێژ، سلێمانی، ٢٠٠١.

١٨) ژەنەراڵ شەریف پاشا، تۆژینەوەی مێژوویی، دەزگای سەردەم، ٢٠٠١.

١٩) چۆڵستان، وەرگێڕانی کۆمەڵە چیرۆکی پەتاتەخۆرەکان بۆ رێنووسی لاتینی – کرمانجیی ژووروو، دەزگای ئاڤێستا، ئەستەمبۆڵ، ٢٠٠١.

٢٠) جوایەز (چیرۆکو بەرهەمی هاوبەش لەگەڵ شاعیرانی هەولێر)، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠١.

٢١) عەبدولڕەحیم رەحمی هەکاری، تۆژینەوەی ئەدەبی، دەزگای سپیرێز، دهۆك، ٢٠٠٢.

٢٢) مێژووی وەرگێڕان لە ئەدەبیاتی کوردیدا لە کۆنەوە تا ١٩٣٢، بڵاوکراوەکانی گۆڤاری ئاسۆی پەروەردەیی، هەولێر، ٢٠٠٢.

٢٣) سانتیاگۆ دی کۆمپۆستێللا، رۆمان، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٢. (چاپی٢، دەزگای رۆژهەڵات، سلێمانی، ٢٠٠٥).
٢٤) پیاوێکی شەپقەڕەشی پاڵتۆڕەشی پێڵاوشین، رۆمان، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٣. (چاپی٢، وەزارەتی رۆشنبیری، سلێمانی، ٢٠٠٥).
٢٥) مندالْباز، رۆمان، بلاْوکردنەوەی ماڵی شەرەفخانی بەتلیسی، هەولێر، ٢٠٠٣. (چاپی٢، یانەی قەڵەم، سلێمانی، ٢٠٠٦).
٢٦) حەشیشەکێشان، شانۆنامە، بلاْوکراوەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر، ٢٠٠٣.
٢٧) باوك، شانۆنامە، نووسینی ئۆگۆست ستریندبێرك، و. لە فەرەنسییەوە، دەزگای ئاراس، ٢٠٠٤.
٢٨) باخچەیەك شیعری فەرەنسی، لە فەرەنسییەوە، دەزگای سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٤.
٢٩) رێبازە ئەدەبییەکان، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٤. (چاپی٢، دەزگای وەرگێڕان، هەولێر، ٢٠٠٦).
٣٠) چەند نامەیەکی فەرەنسی، سەنتەری رووناکبیریی هەتاو، چاپی یەکەم و دووەم، هەولێر، ٢٠٠٥.
٣١) وێنەی کورد لە ئەرشیفی کوردناسە ئەورووپییەکاندا، وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر، ٢٠٠٥.

٣٢) مێژووی شیعری نوێی کوردی ١٨٩٨ – ١٩٥٨، تۆژینەوە، دەزگای هانا، هەولێر، ٢٠٠٦.
٣٣) رەئیس رەمەزانەکان، چیرۆك، دەزگای هانا، هەولێر، ٢٠٠٦.
٣٤) زمانی حەیزەران، لەبارەی کێشەی گەنج و قوتابییانەوە، تۆژینەوە، چاپخانەی رەنج، سلێمانی، ٢٠٠٦.
٣٥) بۆ رۆدانی کوڕم، شیعر، چاپخانەی پاك، هەولێر، ٢٠٠٦.
٣٦) پێنج کتێب و نیو، شیعر، دەزگای رۆژهەڵات، سلێمانی، ٢٠٠٦.
٣٧) کورد لە دیدی رۆژهەڵاتناسەکانەوە، تێکست و تۆژینەوە، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٦.

٣٨) مێژووی هونەری شێوەکاری لە کوردستاندا، لە کۆنەوە تا ١٩٥٨، بلاْوکراوەی گۆڤاری شێوەکاری، دەزگای مێرگ، هەولێر، ٢٠٠٧.
٣٩) کرۆنۆلۆژیای کوردستان، دەزگای بەدرخان، هەولێر، ٢٠٠٧.
٤٠) حەکایەتەکانی باوکم، رۆمان، چاپخانەی شڤان و دەزگای بەدرخان، سلێمانی – هەولێر، ٢٠٠٧.
٤١) هەڵبژاردەیەك لە شیعرەکانی ژاك پرۆڤێر، وەرگێڕان لە فەرەنسییەوە، دەزگای سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٧.
٤٢) سوڵتانە عوسمانییەکان، تۆژینەوە و ئەلبووم، چاپخانەی رەنج، سلێمانی، ٢٠٠٧.